Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris
Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.16 14:19:06 +01'00'

# له گۆشەنیگای جیاوازەوە

وەرگێڕانی

حەمەسەعید حەسەن

له گۆشەنیگای جیاوازەوە
* وەرگێڕانی: حەمەسەعید حەسەن
* چاپی یەکەم 2003
* نیگاری بەرگ:
ISBN 91- 973944-3-2

* تەنیا ئەم لاپەڕەیە، بەو شێوەیەی پێتان باشە، خۆتان دەینووسنەوە.

# ناواخن


| | |
|---|---|
| لە ڕوانگەی جیاوازەوە | 5 |
| ماچ | 13 |
| قسەی نەستەق | 18 |
| بۆ عاوەقخۆرەبەڕێزەکان | 21 |
| بووکەشووشەیەکی فەرامۆشکراو | 25 |
| پەیامنێرتان لە سەرایڤۆوە | 45 |
| بازرگانانی سێکس | 53 |
| بۆ ئەو هێژایانەی دەپرخێنن | 58 |
| چەپکێک شیعری سوێدی | 62 |
| هەندێ شیعری محەممەد ماغووت | 80 |
| باوکە من یوسفم | 85 |

نووسەر پێشتر ئەم کتێبانەشی لە سوێدییەوە کردوون بە کوردی:

(١) مێژووی سوێد ١٩٩١

(٢) جوگرافیای سوێد ١٩٩٢

(٣) چاوشارکێ (چیرۆکی منداڵان) ١٩٩٣

# لە ڕوانگەی جیاوازاوە

## ماسیگرێکی قایل

ماسیگرێک کە ئیشی ئەو ڕۆژەی تەواو کردبوو، لە ناو بەلەمەکەیدا کە لە کەناری زەریاکە ڕایگرتبوو، دانیشتبوو. پیاوێکی دەوڵەمەند کە ڕاوچییەکەی بینی وا بێ ئیش و کار لێی دانیشتووە و سەرنجی خۆرئاوابوون دەدات، لێی پرسی:

- ئەوە بۆچی ماسی دیکە ڕاو ناکەیت؟

- بەشی ئەمڕۆم گرتووە. ئێستاش وا هێمن دانیشتووم و چێژ و خۆشی لە دیمەنی خۆرنشین دەبینم.

- هێشتا زووە، باشتر نییە هەندێ ماسی تریش بگریت؟

- چی لەو هەندەی تر بکەم؟

- بیفرۆشە و بە پارەکەی ماتۆڕێک بۆ بەلەمەکەت بکڕە و دوورتر بەرەو قووڵایی زەریا بڕۆ و ماسییەکی زۆر بگرە، ئەوسا دەتوانی تۆڕێکی نایلۆنیش بکڕیت و هێندە ماسی بگریت، تا توانای کڕینی بەلەمێکی تریشت دەبێت. دواتر هێندە ماسی ڕاو دەکەیت، دەبیتە خاوەنی کەشتیی ڕاوەماسی و سامانێکی زۆریش.

ـ ئەدی دوای هەموو ئەوانە چی بکەم؟
ـ ئەوسا دەتوانی بە دڵنیاییەوە لێی دابنیشی و خۆشی لە ژیان ببینیت.
ـ ئەدی ئەوە نییە حاڵی حازر وا دەکەم!

**ڕووناکی**

پیاوێکی زەنگین لە سەرەمەرگدا هەر سێ کوڕەکەی بانگ دەکات و پێیان دەڵێت:
ـ فەرموون ئەوە یەکی بیست کرۆن، هەر کامتان شتێکی وای پێ بکڕێت، ئەم ژوورەی بە تەواوی پێ پڕ بکاتەوە، ئەو دەبێتە خاوەنی ماڵ و سامانم.
ئێوارە درەنگانێ کوڕە گەورەکەی بە دوو فەردە ‹کا›وە هاتەوە و دەستی کرد بە پرژوبڵاوکردنەوەی ‹کا›کە بە ژوورەکەدا. پاش تۆزێک ‹کا›کە نیشتەوە سەر ئەرزی ژوورەکە و زۆر لەوە کەمتر بوو کە بەشی پڕکردنەوەی ژوورەکە بکات.
ئینجا کوڕە ناوەنجییەکەی بە دوو توورەکە لۆکەوە گەڕایەوە و کەوتە لۆکە فڕێدان بەم لاو ئەو لای ژوورەکەدا. زۆری نەبرد لۆکە نیشتەوە و ژوورەی پڕ نەکرد.
دواجار کوڕە بچووکەکەی هاتەوە، چرای ژوورەکەی کوژاندەوە و مۆمێک و شقارتەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا. هەر کە مۆمەکەی داگیرساند، هەموو ژوورەکە پڕ بوو لە ڕووناکی.

## منداڵ

منداڵ کە سەرکۆنە* بکرێت، فێری قسەی ڕەق دەبێت.
منداڵ کە لێی بدرێت، فێری شەڕ دەبێت.
منداڵ کە فێڵی لێ بکرێت، فێری ساختە دەبێت.
منداڵ کە سووک سەرنجی بدرێت، شەرمن دەردەچێت.
منداڵ کە گاڵتەی پێ بکرێت، ناخی ئازاری پێ دەگات.
منداڵ کە بە نەرمی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت، فێری ئارامگرتن دەبێت.
منداڵ کە دۆستانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، فێری دلۆڤانی دەبێت.
منداڵ کە ستایش بکرێت، فێری ڕێزگرتن دەبێت.
منداڵ کە هان بدرێت، بڕوا بە خۆی پەیدا دەکات.
منداڵ کە بە دڵنیایی بژی، متمانەی بە خۆی دەبێت.
منداڵ کە هەستی کرد خۆشیان دەوێت، هەموو دنیای خۆش دەوێت.

* لۆمە، سەرزەنشت.

## پێڵاو

ڕۆژێکیان کە گاندی سواری شەمەندەفەر دەبێت، تاکێک لە کەوشەکانی لێ دەکەوێتە خوارەوە و قیتارەکەش یەکسەر دەکەوێتە جووڵە. ئەویش خێرا تاکە پێڵاوەکەی تریشی فڕێ دەداتە خوارەوە.

هاوڕێکەی بە سەرسامییەوە لێی دەپرسێ:

- ئەوە بۆچی وات کرد؟

- تاکێک پێڵاو هیچ کەڵکێکی بۆ من نەدەبوو، بەڵام ئەوی جووتێک کەوش بدۆزێتەوە، سوودی لێ دەبینێت.

**زەریاوان**

شەوێک لە زەریایەکدا کاپتنێک ڕووناکییەکی دوور دەبینێت، خێرا بە مۆرس ئەم پەیامەی لە شێوەی فەرماندا بۆ دەنێرێت:

- ڕێڕەوی کەشتییەکەت دە پلە بە لای خۆرهەڵاتدا بگۆڕە!

یەکسەر لە شێوەی فەرماندا ئەم وەڵامەی پێ دەگات:

- ڕێڕەوی کەشتییەکەت دە پلە بە لای خۆرئاوادا بگۆڕە!

کاپتنەکە تووڕە دەبێت و ئەمجارەیان ئەم بروسکنامەیەی بۆ دەنێرێت:

- من کاپتنێکی گەورە و ناسراوم، وا ڕاهاتووم خەڵکی گوێڕایەڵی فەرمانەکانم بن. دە پلە بە لای خۆرهەڵاتدا دایشکێنە!

دیسان هێندە نابا، ئەم وەڵامەی پێ دەگات:

- من زەریاوانێکی وریام، ئیشی خۆم چاک دەزانم. ڕێڕەوەی کەشتییەکەت دە پلە بە لای خۆرئاوادا بگۆڕە!

کاپتن سوور هەڵدەگەڕێت و ئاگر لە چاوی دەبارێت. ئەمجارەیان ئەم نامەیەی بۆ دەنێرێت:

- من پێم گوتی ڕوو بکە خۆرهەڵات. من لە کەشتییەکی جەنگیدام.

لە وەڵامی ئەم هەڕەشەیەدا ئەم نامەیەی پێ دەگات:

- منیش پێت دەڵێم ڕێڕەوی کەشتییەکەت بەرەو خۆرئاوا بگۆڕە! من لە بورجی چاودێریدام.*

* بە سوێدی: fyr، بە ئینگلیزی: lighthouse، بە عەرەبی: فنار، قوللەیەکە لە کەناری زەریا.

**فریادڕەس**

ئێوارە بوو، چۆلەکەیەک کە سەرما زۆری بۆ هێنا بوو، خۆی دا بە شووشەی پەنجەرەیەکدا و بەربووەوە. سەرما بە جۆرێ کاری تێ کردبوو، لە پەلوپۆی خستبوو، نە توانای فڕین، نە هێزی هەڵسانەوەی مابوو.

هێندەی نەبرد مانگایەک هات، لە ئاستی چۆلەکەکە وەستا و تەپێ شیاکەی پێدا کرد. شیاکەی گەرموگوڕ کارێکی کرد، چۆلەکەکە دوای تاوێ، کەوتە جریوەجریو، ئەگەرچی نەیتوانی لە شیاکەکە بێتە دەرەوە.

پشیلەیەک بەرەو شوێنی جریوەجریوەکە هات. چۆلەکەکەی بینی و هەستی کرد کە ناتوانێ خۆی لە شیاکەکە دەرباز بکات و بفڕێت، سووک و باریک لە شیاکەکەی دەرهێنا و خواردی.

لە بیرت نەچێ، ئەوی کە دەتخاتە ناو پیساییەوە، مەرج نییە دوژمنت بێ، ئەویشی لە ناو پیسایی دەرت دەهێنێ، مەرج نییە دۆستت بێ.

### دەرگاوان

پیاوێکی گەنج دەرگاوانی کارگەیەک دەبێت. ئەگەرچی کرێیەکی باش وەرناگرێت، بەڵام ئیشەکەی پێ ناخۆش نابێت. ڕۆژێکیان بەڕێوەبەر بڕیار دەدات، ئەوی نەخوێندەوار بێت، لە کار دەربکرێت. دەرگاوانیش چونکە نەخوێندەوار دەبێت، ئیشەکەی لە کیس دەچێت.
کابرا بۆ ئەوەی پێی بژی، لە گەڕاجەکەی باوکیدا دەکەوێتە مۆمدان لە ئاسن دروست کـردن. ڕۆژان دێن و دەچن کـارگـەیەکی مـۆمـدان دروستکردن دەکاتەوە. نەخێـر کـارگەیەکی قـەنەفـە دروستکردنیش دەکاتەوە. دوای پازدە ساڵ، بیست کرێکار ئیشی بۆ دەکەن، بەڵام هێشتا هەر نەخوێندەوار دەبێت.
ڕۆژێکیان ژمێریارەکەی هەست دەکات وەستای نەخوێندەوارە، بەو پەڕی سەرسووڕمانەوە لێی دەپرسێت:
- بە ڕاست ئەوە نەخوێندەواریت!
- بەڵێ.
- تۆ بە نەخـوێندەواری، ئاوا چاک پێـشکەوتوویت، بیـرت لەوە نەکردووەتەوە ئەگەر خوێندەواریت هەبووایە، ئێستا چی دەبوویت؟
- با، بیرم لێ کردووەتەوە، ئێستا دەرگاوان دەبووم.

### دایە و بابەی خۆشەویست

چونکە لە زانکۆم، بمبەخشن، وەختی ئەوەم نییە زوو زوو زەنگتان بۆ لێ بدەم، بەڵام وا باسی ژیانی ئەم دواییەی خۆمتان بۆ دەکەم. ئەو

ژانەسەرەی کە گرتوومە، هی ئەوەیە کە خانووەکەم سووتا، لە پەنجەرەکەوە خۆم فڕێدایە دەرەوە. هەر دوو هەفتە لە نەخۆشخانە کەوتم، شوکر وا هێدی هێدی توانای بینین پەیدا دەکەمەوە.

کە خانووەکەم ئاگری تێ بەربوو، بەختم هەبوو، پیاوێکی گەنج ئاگای لێ بوو، هەر ئەویش زەنگی بۆ ئەمبولانس لێ دا و بۆ نەخۆشخانەش لەگەڵمدا هات و دواتریش چەند جارێ سەردانی کردم. چونکە خانووەکەم بە تەواوی سووتا، ئێستا لە خانووەکەی ئەودا دەژیم. نازانم ئەم خانوو خانووەم لە چییە! خانووەکەی پەنایەکە لە ژێرخانێکدا، بەڵام بەم یان بەو شێوە، جێیەکی خۆشە.

ئەو پیاوە گەنجە، زۆر دلۆڤانە و حەزیشمان لە یەکترییە و هاکا زەماوەندمان کرد. ئەگەرچی هێشتا ڕۆژی زەماوەندمان دیاری نەکردووە، بەڵام بێ گومان پێش ئەوەی سکم بە تەواوی بڵند ببێتەوە، شایی دەکەین.

دایە و بابە: سکم هەیە. دەزانم چەند تامەزرۆی ئەوەن کە ببنە دایەگەورە و بابەگەورە. دڵنیام زۆر بە گەرمی پێشوازی لە منداڵەکەم دەکەن و هەمان ئەو خۆشەویستییەی بە منتان بەخشیوە، بەویشی دەبەخشن.

دەزانن بۆچی هێشتا زەماوەندمان نەکردووە، ئاخر دۆستەکەم نەخۆشە و منیشی تووش کردووە. دەزانم ئێوەش باوەشی پڕ ئەوین بۆ دۆستەکەم دەکەنەوە، ئەگەرچی هیچ خوێندنێکی تەواو نەکردووە و بێکاریشە، ئاخر زۆر دلۆڤانە، وەلێ لە ژیانیدا کەمێ بێبەخت بووە.

دوای ئەوەی کە هەرچی ڕووی دابوو، هەموویم بۆ گێڕانەوە، دەمەوێ بڵێم نە ئاگر لە خانووەکەم بەربووە، نە ژانەسەرم هەیە، نە چاوم

زیانی پێگەیشتووە، نە لە نەخۆشخانە کەوتووم، نە سکم هەیە، نە تووشی هیچ درمێ بووم و نە دۆستیشم هەیە، بەڵام ڕاستییەکەی لە ماتماتیک و ئێکۆنۆمیدا دەرنەچووم.

سەرچاوە:

Varför växer gräset? Klas Hallberg & Magnus Kull, Brain Books 1997 Falun.

# ماچ

یاڵمار سوێدەربێری*

کـــیـــژۆڵەیەک و کـــوڕێکی منداڵکار لەســـەر بەردێک، لە کـــەناری زەریاچەیەک دانیشتبوون. جار جار شـەپۆلی ئاوەکە پێیەکانیانی تەڕ دەکرد. دوو بە دوو بێدەنگ دانیشتبوون، بیریان دەکردەوە و سـەرنجی ئاوابوونی خۆریان دەدا.

کوڕە بیری لە مـاچکردنی کچە دەکردەوە و بە مەبەسـتـەوە لە دەمولێوی ورد دەبووەوە. کچە کوڕی لەو جوانتری بینیبوو، ڕاستییەکەی حەزی لە یەکـێکی دیکە بوو، بەڵام هەرگـیـز مـاچی نەکـردبوو، چونکە ئەو نموونەیەکی باڵا بوو، ئەسـتـێـرە بوو، ئەسـتـێـرەش دەسـتی ئینسـانی ناگاتێ.

کـچـە بیـری لەوە دەکـردەوە کـوڕە مـاچێکی بکا، تا هەلێکی وای بۆ هەڵبکەوێ بە ڕاسـتی لێی تووڕە ببـێت و نیـشـانی بدات کـە چەند سـووکـە لەبەر چاوی. کـچـە ویسـتی هەڵبـسـێت، خـۆی هەڵبکات، سـەرنجـێکی سـاردی پڕ لە سـووکـایەتی پێکردنی تێ بگرێت و بە هێـمنی، ڕاست ڕێی خـۆی بگرێت و بڕوات، بەڵام لەبەر ئەوەی نەک کوڕە لە مەبەستی تێنەگات، لەسەرەخۆ گوتی:

- پێت وایە لە دوای ئەم ژیانەوە ژیانێکی دیکەش هەیە؟

کوڕە وای بۆ چوو ئەگەر بە ‹ئا› وەڵام بداتەوە، ماچکردنەکە ئاسانتر دەکەوێتەوە، بەڵام نەیدەزانی ئەگەر وەڵامەکەی کارەکەی دژوارتر کرد، دواتر چی بڵێت و لەوەش دەترسا بکەوێتە ناکۆکییەوە، بۆیە سەرنجێکی قووڵی چاوانی کچەی دا و پێی گوت:

- بڕوام بە هەلی کورتخایەنی هێندەی چاوتروکاندنێک هەیە.

ئەم وەڵامە کچەی تەواو قایل کرد و بەرەو زەریای بیرکردنەوەی کێش کرد: بە هەر حاڵ حەزم لە قژیەتی، نێوچاوانیشی، تەنیا ئەوەی جێی داخە لووتی ناشیرینە، خاوەنی پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتیش نییە، خوێندکارە، کەسێکی وا نییە دەستەخوشکەکانم ئێرەییم پێ ببەن.

کوڕە وای بیر کردەوە: ‹ماچی دەکەم،› بەڵام ترسێکی قووڵ دایگرتبوو، لە ژیانیدا کچی وا پەروەردەکراوی سەر بە خێزانێکی ناسراوی ماچ نەکردبوو، بۆیە بیری بۆ ئەوە دەچوو، دەشێ ئەمە کارێکی ترسناک بێ.

باوکی کچە، کە پارێزگاری شار بوو، لەو نزیکانە لە جۆلانەیەکدا نووستبوو.

کچە بیری کردەوە: لەوانەیە چاکتر وابێ هەر کە ماچی کردم، زللەیەکی لێ بدەم. بە ڕاست بۆچی ماچم ناکات؟ تۆ بڵێی هێندە ناشیرین و خوێنسارد بم! خۆی چەماندەوە تا لە ئاوەکەدا خۆی ببینێت بەڵام شەپۆلێک وێنەکەی شێواند.

کچە لەسەر بیرکردنەوە بەردەوام بوو: ئاخۆ کە ماچی کردم هەست بە چی بکەم؟ ڕاستییەکەی دوای یەکێک لە ئاهەنگەکانی شار ئەفسەرێک تاقە جارێ ماچی کردبوو، بەڵام ئەوەندەی خواردبووەوە، هێندەی جگەرە کێشابوو، بۆنی گەلێ ناخۆش بوو. بێ گومان ئەفسەرەکە

ویستبووی نەختێ دڵی خۆش بکات، بۆیە ئەو تاقە ماچەی کردبوو. ماچەکەی خۆش نەبوو بەڵام بە هەر حاڵ ئەفسەر بوو، ئەگەرچی ئەم بوغزاندی، چونکە دواتر نە بۆ خوازبێنی هات و نە خۆی تێگەیاندەوە.

خۆر ماڵئاوایی کرد و تاریکی هێدی هێدی هێرشی هێنا، کچە و کوڕەش هەر دانیشتبوون و بیریان دەکردەوە.

کوڕە وای بۆ چوو: خۆر ئاوابووە و دنیایش تاریکی کردووە، کەچی هێشتا هەر لە تەنیشتمەوە دانیشتووە، کەواتە پێ دەچێ پێی ناخۆش نەبێ ماچی بکەم.

کوڕە بە ئەسپایی قۆڵی درێژکرد و لەسەر شانی کچەی دانا، کچە بیری لەمە نەکردبووەوە، پێی وابوو کوڕە بێ پێشەکی یەکسەر ماچی دەکات، ئەمیش زللەیەکی لێ دەدات و هەڵدەستێت وەک شازادەیەک دەڕوا. ئێستا نەیدەزانی چی بکات، دەیویست لێی تووڕە ببێت، بەڵام حەزیشی نەدەکرد ماچەکەی لە کیس بچێت، بۆیە هەر وەک پێشتر بە هێمنی دانیشتبوو، ئیدی کوڕەش ماچی کرد.

کچە هەستێکی زۆر سەیرتر لەوەی چاوەڕوانی بوو، دایگرت. هەستی بە لاوازیی و ماندوویێتی کرد و هەر بیری نەما کە زللە بهاوێت و کە کوڕە قوتابییە و شتی تر.

کوڕە بیری بۆ ئەوە چوو، لە کتێبێکدا کە لە نووسینی دۆکتۆرێکی خواپەرستە، سەبارەت بە جیهانی ئەوینی ئافرەت نووسراوە: ‹پێویستە ئادەمیزاد تا دەگاتە نێو ئامێزی ژنومێردایەتی خۆی ڕابگرێت و نەبێتە کۆیلەی هەست و ئارەزووەکانی.›

کوڕە بیری لەوە کردەوە کە تاقە ماچێ هێندە کاریگەر بێ، کەواتە بەسەر خۆدا زاڵبوون، کارێکی زۆر دژوارە.

کاتێ مانگ هەڵات، ئەمان هەر دانیشتبوون و یەکدیان ماچ دەکرد.
کچە بە گوێی کوڕەیدا چرپاند:
ـ کە تۆم بینی هەر لە یەکەم سەرنجەوە خۆشمویستی.
کوڕەش گوتی:
ـ بۆ من جیهان بێجگە لە تۆ هەرگیز کەسی دیکەی تێدا نەبووە.

*

* یاڵمار سوێدەربێری (١٨٦٩ ـ ١٩٤١) لە ڕۆمانەکانیدا بە شێوەیەکی هارمۆنی پەستی و گومان بەرجەستە دەکات. قارەمانە سەرەکییەکانی کەسانی ڕەشبینن ، بە گاڵتەجاڕییەوە لە ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانە ڕادەمێنن، خەڵکانی بێ داڵدەن و ئاواتێکی دیاریکراویان نییە، تا چالاکانە ئامبازی بوون بن.
ڕۆمانی: لاوێتیی مارتین بێرک (١٩٠١) کە تا ئەندازەیەک ژیننامەی نووسەرەکەیەتی، تێیدا نووسەر خەو بە ئەوینەوە دەبینێت و باس لە نائومێدی و بێهوودەیی ژیان دەکات. ستۆکهۆڵم کارەکتەرێکی سەرەکیی کارەکانی سوێدەربێرییە، لە: دوکتۆر گلاس (١٩٠٥) و گەمە ڕاستەقینەکە (١٩١٢) دا، گەلێ وێنەی زیندووی شەقام و باخچە و باڕەکانی ستۆکهۆڵمی کێشاوە.
سوێدەربێری نووسەرێکی ڕەشبینە، بەڵام قۆشمە و وریاییەکی ئاشکرا و بەهێزیش بە بەرهەمییەوە دیارن. لە دوا قۆناغی ژیانیدا ڕەخنەی لە ساختەچێتیی ناو کڵێسا گرتووە و لە دوا ساڵەکانی تەمەنیشیدا کەوتووەتە دژایەتیکردنی نازیزم، کە ئەو سەردەمە لە گەشەسەندندا بووە.
شێوازی نووسینی ئاشکرا و ساکارە و تەواو پڕ بە پێستی ئەو دیاردانەیە کە باسیان لێوە دەکات و یەکێکە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو نووسەرانەی لە ئەدەبی

سویدیدا ئەسپەکێویی ئەو شێوازە نووسینەیان ڕام کردووە.

سوێدەربێری بە شێوازەکەی خۆی کە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی کورت لەبارە، گەلێ چیرۆکی کورتی نووسیوە. کورتەچیرۆکی: ماچ، کە یەکەمین جار لە گۆڤاری Söndag Nisse دا بڵاوکراوەتەوە، لێهاتوویی سوێدەربێری نیشان دەدا کە بە شێوازێکی گاڵتەئامێزی تەنک و بە وشەی کەم وێنەی ڕەوشت و شێوەی بیرکردنەوەی هاوچەرخ دەکێشێ. وەک چیرۆکنووس لە زۆر ڕووەوە لە چیخۆف و موپاسان دەچێ.*

*Harriet Riserus, Åke Sandahl och Sune Sjärnolf, Mål 3 s. 165 _ 168 Stockholm 1988

## قسەی نەستەق

* ئەسپیان ناڵ دەکرد، بۆقیش لاقی بەرز دەکردەوە.
* مانگای تینوو ئاوی خۆی دەخواتەوە و گوێ ناداتە قیرەی بۆق.
* لە دەست دووپشک هەڵدێیت، مار چاوەڕێتە.
* چنگێ بەردی تێ بگرە، یەکێکیان هەر دەیپێکێت.
* لە دەرگـاوە سـەرقاڵـی دوورخـسـتنـەوەی پڵنگ بووین، لە پـەنجـەرەوە گورگ خۆی بە ماڵدا کرد.
* لەبەر ئەوانەی خێرا ڕێ دەکەن، نان بەر کیسەڵ ناکەوێت.
* بارانی بەهێز بەسەر سەربانی لاوازدا دەبارێت.
* خوێ بفرۆشـم باران دەبارێت، ئارد بفرۆشم ڕەشـەبا هـەڵدەکات.
* نە بە ڕۆژی ڕۆشن، مۆم دابگیرسێنە، نە لە بەردەم گەمژەدا، هونەر بنوێنە.
* چاکەکردن لەگەڵ بەدکاراندا، وەک ئاو بە زەریا بەخشینە.
* ئەگەر دوو نانت هەبوو، یەکێکیان بفرۆشە و پارەکەی بدە بە گوڵ!
* ئەگەر زیرەکی زادەی ڕیش بووایە، بزن دانا دەبوو.
* زەرافە زیرەکە، هەموو شتێ دەبینێت و هیچ ناڵێت.
* ئەگەر مافوورەکەت کونێکی تێدا بوو، لەسەر کونەکە دابنیشە.
* پشیلەی نووستوو، مشکی پێ ناگیرێت.
* ئەو سەگەی زۆر بوەڕێت، ناگەزێت.
* گۆزە درزبردووەکەی تۆم لە ساغەکەی خۆم پێ باشترە.
* سێوی دراوسێ هەمیشە شیرینترە.

* ئەوی خـواردن بـە سـەگی کـەسـانی دیکە بدات، سـەگی خـۆی پێی دەوەڕێت.

* سەگ دزی دەکات و بزن سزا دەدرێت.

* پشیلە دەیدزێت و سەگ دەیخوا .

* ئەوی بە هیوای شتی زۆر باش بێت، دەبێ زۆر چاوەڕوان بێت.

* ئەوی هـاوزەمـان بە ئومێدی گرتنی دوو کـەروێشک بێت، هیـچیـانی پێ ناگیرێت.

* بە دەستێک دان ڕۆ دەکات و بەوی دی بۆ هێلکە دەگەڕێت.

* ئەوی حەزی لە هێلکە بێت، نابێت گارەگاری پێ ناخۆش بێت.

* تا هێلکەکان نەترووکێن، جووجەڵەکان مەژمێرە!

* لە لووتزل وایە، هـەموان باسـی لووتی ئەو دەکەن.

* ئەگەر هـاوڕێیەتی کەر بکەیت، دەبێ چاوەڕێی جووتەش بیت.

* پەرژینێک لە نێواندا بێت، هاوڕێیەتی بە گەرمی دەمێنێتەوە.

* دوو پیاو ببێت بە شەڕیان، سەگەکانیشیان بەشەڕ دێن.

* پیاوی وا ، هـەر سـەگی وای دەبێت.

* ئەوی پێ بە مێـرووولەیەکدا بنێ، شـارەمێـرووولەیەک لە خـۆی دەکا بە دوژمن.

* بۆ ئـەوەی شـارەزای ڕێگاکـە ببـیت، دەبێ پـرسـیـار لەو ڕێبـوارانە بکەیت کە تووشت دێن.

* لە ڕووبارەکە بپەڕێوە، ئەوسا گاڵتە بە تیمساحەکە بکە!

* مارانگاز کە پەتیش ببینێت، دەترسێت.

* ببە بە دۆستی گورگ، بەڵام با هـەمیشـە تـەورت پێ بێت!

* پشت بە خودا ببەستە، وەلێ حوشترەکەش ببەستەوە!

* بیر بە دەرزی لێ نادرێت.
* بە مریشک مەڵێ، برۆ ڕێویم بۆ بانگ بکە!
* کەس قرژانگی پێ فێری ڕاست ڕۆیشتن ناکرێت.
* ئەسپ لە کاتی غاردا ناڵ ناکرێت.
* هەموو جلەکانت بە سنگێکدا هەڵمەواسە!
* دوو پێ لە تاکەکەوشێکدا جێیان نابێتەوە.
* گلەیی لە خودا مەکە کە پڵنگی خووڵقاندووە، سوپاسی بکە کە باڵیشی پێ نەبەخشیوە.
* پشتم بخورێنیت، پشتت دەخورێنم.
* ئەو درەختە مەبڕەوە کە سێبەرت بۆ دەکات.
* گردێکی نەوی، بۆ پیاوێکی پیر، چیایەکی بڵندە.
* بەرانی پیر حەزی لە گیای ناسکە.
* گورگی شەل کەروێشکی پیریشی پێ ڕاو ناکرێت.
* لە نێو بێستاندا، قەیتانی پێڵاو مەبەستەوە، با گومانت لێ نەکەن.
* سمۆرە تەنیا لەبەر ئەوەی بچووکە نابێتە کۆیلەی فیل.
* لێ گەڕێ با مەلان بەسەر سەرتەوە بنیشنەوە، بەڵام مەهێڵە هێلانەی تێدا بکەن!
* ئەوی تەلاری نەدیبێت، تەویلەشی پێ خانووە.
* ئەگەر پۆشاکت لە پووش بوو، ئاگر مەکوژێنەوە!
* شێر بە تۆڕی جاڵجاڵۆکە ناگیرێت.

سەرچاوە:

Ordspråk från när och fjärran, Lennart Hellsing, Alfabet bokförlag 1998 Stockholm.

# بۆ عارەقخۆرە بەڕێزەکان

بە هیوا نیم دوای خوێندنەوەی ئەم نامەیە، دەست لە خواردنەوەی عارەق هەڵبگریت، ئاخر دەزانم لەوانەیە گەلێک وەختی خۆشت لەتەک عارەقدا بەسەر بردبێت. دەزانم حەزت لە خواردنەوەیە، وەلێ دڵنیام حەز ناکەیت ببیتە کوهولی. کێشەکە ئەوەیە مەترسی ئەوە هەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان تۆش ببیتە کوهولی. دەشێت هەنووکە بڵێیت، من کەسێکی بەهێزم و ئەوانە خەڵکانی تەنیا و لاوازن دەبنە کۆیلەی عارەق، بەڵام بە داخەوە ئەو لێکدانەوەیت لە جێی خۆیدا نییە. ئاخر خۆ کوهولییەکان هەر کەسانی لاواز و تەنیا و بەدبەخت نین، تەنیا ئەوانە نین کە لە باخ و گۆڕەپانەکاندا دەبینرێن، ئەوانە بەشێکی زۆر کەمی لەشکری کوهولییەکانن. شیاوی گوتنە هەندێ لێکۆڵینەوە وای نیشان دەدەن، کە خەڵکانی لە ژیاندا سەرکەوتووش بە ئاسانی دەبنە کوهولی. ئەوە کێشەی دەروونی نییە کە خەڵکی دەکاتە کوهولی، ئەوە کوهولیبوونە دەمانکاتە خاوەنی کێشەی دەروونی.

وەک چۆن مەرج نییە هەموو زۆرخۆرێک دووچاری قەڵەوی ببێت، هەرواش مەرج نییە هەموو عارەقخۆرێک ببێتە کوهولی. هەیە خۆی لە خواردنی شیرینی و چەوری دەپارێزێت و قەڵەویش دەبێت، کەسانی واش کەم نین سڵ لە زۆرخواردن ناکەنەوە و ناوقەدیشیان هەر باریکە. بۆیە دەبێت خۆمان بناسین و لاسایی کەسانی دیکە نەکەینەوە. شێوازی ژیان پێوەندییەکی پتەوی بە کوهولیبوونەوە هەیە. کەسێک کە

حەزی لە خواردنەوە نەبێت، بێ گومان عارەق هیچ کێشەیەکی بۆ دروست ناکات، وەلێ ئەوی زۆر بخواتەوە و زوو زووش هانا بۆ عارەق ببات، ئەوە زوو یان درەنگ هەر دەبێتە کوهولی.

دەشێت کوهولیبوونمان بە میرات بۆ بمێنێتەوە، ئاخر ئەوی باوکی یان دایکی کوهولی بووبێت، مەترسی ئەوە زۆرە کە زووتر ببێتە کوهولی.

دوو منداڵ کە هەمان دایک یان بابی کوهولیان هەبێت، با لە دوو ژینگەی جیاوازیشدا گەورە بن، هەر دووچاری هەمان مەترسی دەبنەوە. ئەوانەی کە زۆر دەخۆنەوە و سەرخۆش نابن، زووتر دەبنە کوهولی وەک لەوانەی بەرگەی عارەق ناگرن و هەو زوو سەرخۆش دەبن. تا زووتر سەرخۆش ببین، درەنگتر دەبینە کوهولی. کە لەگەڵ هاورێکانتدا دەخۆیتەوە و ئەوان سەرخۆش دەبن و تۆ هەر مایەی خۆتە، ئەوە جێی داخە تۆ پێش وان دەبیتە کوهولی.

زۆربەی کوهولییەکان ئەوانەن کە بەرگەی زۆرخواردنەوە دەگرن. خۆگرتن لە بەردەم زۆرخواردنەوەدا خەسڵەتێک نییە بە میرات بۆمان مابێتەوە، بەڵکوو لە ئەنجامی خواردنەوەی بەردەوامەوە دەبینە خاوەنی. زۆرن ئەوانەی شانازی بەوەوە دەکەن کە درەنگ سەرخۆش دەبن، وەلێ تا درەنگتر سەرخۆش ببین، زووتر دەبینە کوهولی. گەرچی ئەوانەی زوو سەرخۆش دەبن، مەترسی ئەوەیان کەمترە ببن بە کوهولی، بەڵام ئەگەر زوو زوو بخۆنەوە ئەوا هێدی هێدی پتر بەرگەی عارەق دەگرن و لە هەواری کۆهۆلییەکاندا بارگە دەخەن.

چۆن بزانین کە هێندەی نەماوە ببینە کوهولی؟ با وای دابنێین هێڵێک لە لەشی هەر یەکێک لە ئێمەدا هەیە، هەر کە گەییشتینە ئاستی ئەو هێڵە، ئیدی دەبینە کوهولی. بۆ زۆربەمان ئەو هێڵە لە ئاستی

قولەپێماندایە وەلێ هەیە لە ئاستی گوێچکەیدایە. درەنگ یان زوو لە ئەنجامی زوو زوو سەرخۆشبوونەوە، هەموو عارەقخۆرێک دەگاتە ئاستی هێڵەکە و ئیدی دەبێتە کۆیلەی عارەق و عارەقی لە هاوڕێ، خێزان، کار و پەیمان پێ گرنگتر دەبێت.

خواردنەوەی پەرداخێک شەراب لەگەڵ خواردندا، یان هەڵدانی بیرەیەک دوای ئیش هەنگاوێک نییە بەرەو کوهولیبوون. کوێرەوەرییەکە بە تەواو سەرخۆشبوونەوە بەندە. هەر جارێک کە تەواو سەرخۆش دەبین، ئاستی بەرگەگرتنی عارەق تێماندا بڵندتر دەبێتەوە. تا زێتر بەرگەی عارەق بگرین، زووتر دەبینە کوهولی. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆژانە کەم بخۆینەوە، باشترە لەوەی لە کۆتایی هەفتەدا تەواو خۆ سەرخۆش بکەین.

زۆربە پێیان وایە کوهولی کەسێکە ڕۆژانە بخواتەوە، دەنا خۆ سەرخۆشکردنی کۆتایی هەفتە و ڕۆژانی دیکەی پشوو شتێکی ئاساییە. بە داخەوە ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە. ڕاستییەکەی کەسانی وا هەن، بە درێژایی ژیانیان ڕۆژانە گلاسێک یان دووان شەراب دەخۆنەوە و تووشی هیچ کێشەیەکیش نابن، وەلێ خەڵکانێکی زۆر کە سەرەتا تەنیا لە ڕۆژانی پشوودا خۆ سەرخۆش دەکەن، دواتر ڕۆژانە دەخۆنەوە و دەبنە کوهولی. لە خۆشی و سەیران و ئاهەنگەکاندا خۆ سەرخۆش بکەین، یان بۆ لە بیرچوونەی ناخۆشییەکانمان، بە هەردوو بارەکەدا، هەمان مەترسیی کوهولیبوون چاوەڕێمانە.

عارەق چۆن کارمان تێدەکا؟ هەیە بە خواردنەوە تێک دەچێت، هەیە خەوی دێت، هەیە گلۆپی دەنگی دەسووتێت. کەسانی وا درەنگتر دەبنە کوهولی. ئەوانەی بە سەرخۆشی قسەیان خۆشتر و دڵیان

شـــادتر و ڕوویان گــەشـــتــر و تەنـانـەت ئازاتـریش دەبن، ئەوانـه زووتر بەرەو هەڵدێری کوهـولیبوون خلۆر دەبنەوە.
کـوهـولی ناتوانـێت بە شـێـوەیەکی ئاسـایی بخـواتەوە و ئەوە عـارەقـە هەڵی دەسـووڕێنێت. بە لای ئەوەوە تاقـە بیـرەیـەک لە هەمـوو شـتـێک بەبایەخـتـرە. ئەوەی بـاشـە پێش ئەوەی ببینه کوهـولی هەندێ نیشـانە سەر هـەڵدەدەن، لەو قۆناغـەدا دەتوانین فریای خۆمان بکەوین. ئـەگەر ئاهـەنگەکـــە تەواو بـووە و تەنـیـــا تـۆی لێ مـــاوی، ئەگـــەر لـە کـــاتی خواردنەوەدا قـسـەی وا دەکـەیت کە دواتر پەنجـەی پەشیمـانی بگەزیت، ئەگـەر بـۆ سـبـەینێش بـەری نەداویت و لە کـار دوا دەکـەویت، ئەگـەر بیـرت نەمـاوە دوێنێ شـەو چیت گـوتـووە، یان کـردووە، ئـەوا تا زووە فـریای خـۆت بکەوە، دەنا هێندەت نەمـاوە وڵاتی بەریـنی کـوهـولیـبـوون ئاوەدانتـر بکەیەوە. ئەگـەر لەسـەر ئەو سنووره تـرسـناکەیت، ئـیـدی وەک چۆن ئەوی ئـاسـتـی کـۆلسـتـرۆڵ لە خـوێنیـدا بڵند بێت، هێندەی پێی بکرێت، خـۆی لە خـواردنی کـەرە، هێلکە و پەراسـوو دەپارێزێت، دەبێت تۆش بە هـەمـان شـێـواز ڕەوتار لەتەک عـارەقـدا بکەیت، ئەگـەرنا بڕوا بکەیت یان نا، هـاکا بوویتە کوهـولی.*

2002. 07. 03

* Alkoholkommiten, Grundkurs för dig som gillar att bli full, Aftonbladet 30 maj 2002

# بووکەشووشەیەکی فەرامۆشکراو

نووسینی: ئالفانسۆ ساستریێ

پێداچوونەوەی: کارستێن پالمەر

وەرگێڕانی  لە ئیسپانییەوە بۆ سویدی: فرانسیسکۆ ئوریز و ئینگڤار بومان

به سووکه دەستکارییەکەوە کردوومە بە کوردی

بەشداران:

چیرۆکبێژ

میزەڵدانفرۆش

ڕوسیتا

پاکا

پێڵاودروو

بەرگدرووی پیاوان

بەرگدرووی ژنان

(وەستا)یەک کە بەرگی نوێ دەگرێتە قەنەفەی کۆن

دایکی ڕوسیتا

کۆنەکۆکەرەوە

دەرگاوان

## دیمەنی یەکەم

**چیرۆکبێژ**: هەنووکە چیرۆکی بازنەی دەباشیر دەگێڕینەوە. بازنەی دەباشیر بەسەرهاتێکی بەناوبانگ و دێرینە و لە گەلێ وڵات و لە زۆر بۆنەی جیاوازدا خەڵکی بەردەوام دەیگێڕنەوە و بۆ گەورە و بۆ منداڵانیش نمایش کراوە. بەسەرهاتەکە لە یەکێک لە شارەکانی ئیسپانیادا ڕووی داوە. لە دەرەوەی شارەکە خانوویەکی گەورە هەبووە، ئەرزی ژوورەکانی جوانترین مافووریان تێدا ڕاخراوە و بنمیچەکانیشی نایابترین تاجی کریستاڵیان پێدا شۆڕ بووەتەوە. لەو خانووە پڕ لە کارەکەر و خزمەتکارەدا، کیژۆڵەیەک ژیاوە، ناوی ڕوسێتا بووە.

*

**میزەڵدانفرۆش**: تۆ کێی کە ئاوا من دەترسێنی؟

**ڕوسیتا**: من ڕوسیتام. ڕوسیتا بە مانای گوڵێکی بچووک دێت. باوکم هەمیشە پێم دەڵێ: گوڵە گچکەکەم.

**میزەڵدانفرۆش**: بۆچی میزەڵدانەکانم دەتەقێنی؟ وەک دەبینی، من پیرێکی هەژارم، نەدەبوو زیانم لێ بدەی.

**ڕوسیتا**: پیرەمێرد تۆ بە میزەڵدانە ناشیرینەکانت دیمەنی پەرژینەکەمانت تێک داوە. ئێستا یەکێکی دیکەشیان دەتەقێنم.

**میزەڵدانفرۆش**: بزر بە لەبەر چاوم، هەی بێشەرم.

**ڕوسیتا**: تۆ میزەڵدانەکانت لا بە و بزر بە! ئەمەماڵی ئێمەیە.
**میزەڵدانفرۆش**: من هاووڵاتییەکی چاک و دەستپاکم. لە هەر کۆڵان وشەقام و گۆڕەپانێکدا ئارەزوو بکەم، میزەڵدان دەفرۆشم.
**ڕوسیتا**: کەواتە دایکم بانگ دەکەم.
**میزەڵدانفرۆش**: ئەگەر ئەم پەرژینە هی ئێوەیە، میزەڵدانەکانم بەو دیوارەوە دەبەستمەوە. بێنە پارەی ئەو میزەڵدانەی تەقاندت، هەی بەدفەڕ.
**ڕوسیتا**: وردەم پێ نییە.
**میزەڵدانفرۆش**: بچۆ پارەکەت ورد بکەوە!
**ڕوسیتا**: میزەڵدانێک بە چەندە؟
**میزەڵدانفرۆش**: یەک پسێتا.
**ڕوسیتا**: ئەم هەموو شەڕە بۆ تاقە پسێتایە دەکەی؟
**میزەڵدانفرۆش**: کچی خۆم، پسێتایەک بۆ من نانێکە کە لەگەڵ قاوەیەک و پارچە پەنیرێک و پەرداخێک ئاودا دەیخۆم. یان دەشێ لەگەڵ لەتە پرتەقاڵێک و نەختێ ماسیی قوتوودا بیخۆم.
**ڕوسیتا**: بێ دەنگ بە! حەز ناکەم گوێم لە ناوی ئەو خواردنانە بێت کە تۆ دڵت پێیان خۆشە. کە تۆم لێرە دوور خستەوە، دەچمە ژوورەمەوە. دایکم و کارەکەرەکان چاوەڕێم دەکەن. ئەم بووکە ناشیرینە، قۆڵ شکاوە، پشت دڕاوەش فڕێ دەدەم. ئینسان بە بووکی وا دزێو ناتوانی گەمە بکا. ها بیگرە پێرەمێرد، دەشێ ئەم بووکە نەخۆشە، تێکشکاوە، حەز بە دۆستایەتی تۆ بکا.
**میزەڵدانفرۆش**: باش بوو لەبری پارەی میزەڵدانەکە، هیچ نەبێ ئەم بووکە دڕاوەم دەست کەوت. ئەها ئەوە کیژۆڵەیەک هات. خۆ ئەوە

(پاكا)یه، كچی ژنه چێشتكەرەكە. پاكای ژیكەلە چۆنی؟ ئەوە بۆ كوێ دەچی؟

**پاكا**: دەچم شت بۆ دایكم دەكڕم.

**میزەڵدانفرۆش**: پاكا، ئەم بووكەشووشەیەم لێ ناكڕیٚ؟ ها تەماشای كە! تەنیا بە دوو پسێتا.

**پاكا**: ئەمە خۆ  دڕاوە، زۆر پیسیشە.

**میزەڵدانفرۆش**: ڕاستە سەری شكاوە، بەڵام پرچەكانی جوانن. ڕاستە پشتی دڕاوە، بەڵام ئەوە كەی گرنگە؟ ڕاستە ژیان لە قوڵیدا نەماوە، بەڵام خۆشەویستی و ژیری، ژیانی پێ دەبەخشنەوە. بە داخەوە من پیر بووم، چاوم كز بووە و  دەستم دەلەزێ، دەنا خۆم چاكم دەكردەوە. بە پسێتایەک بیبە، باشە؟

**پاكا**: ئەگەر من لێت نەكڕم چی لێ دەكەیٚ؟

**میزەڵدانفرۆش**: بۆ ئاسمانی دەنێرم. ئاخ، بەڵام سەفەری بەرەو ئاسمانی ئەم بووكەشووشەیە، هێندە ئازارم دەدات، ئەوەندە نائومێدم دەكات، ناچار دەبم بە خوڕ بۆی بگریم. ئاخر نێوان ئەستێرەكان زۆر ساردە. ئاخر نێوان هەورە ڕەشەكان زۆر تاریكە. لە ئاسمان  نە منداڵ هەیە، نە نەخۆشخانە. تەنانەت تاقە پلاستەریكیشی لێ نییە. دڵنیام ئەم بووكەشووشەیە دەمرێت.  ماڵئاوا بووكەكەم.

**پاكا:** پەلە مەكە! ها ئەوە پسێتایەک.

**میزەڵدانفرۆش**: ئەدی هیچ بۆ دایكت ناكڕیٚ؟

**پاكا**: ئەمڕۆ نان و ئاو دەخۆم.

## دیمەنی دووەم

پاکا لایلایە بۆ بووکەکە دەکا:

بنوو بووکە دڕاوەکە
بنوو بووکە بێ چاوەکە
نە خۆر دەبینی نە زەریا
کەس وەکوو من بۆت نەگریا
گریام بۆ خەندەی تۆراوت
بۆ شان و قۆڵی شکاوت
بنوو خەونی خۆش ببینە
سبەی دایە
دەتبا بۆ لای
هەرچی وەستای
دەست ڕەنگینە،
بنوو خەونی خۆش ببینە.

*

**پێڵاودروو**: من پێڵاودرووم. پێڵاودروویەکی خەمناک. ئەمە دووکانەکەمە کە لەسەر شەقامی وەستا دەستڕەنگینەکانە. کچی بچووک چی دەخوازی؟

**پاکا**: پێڵاودرووی دلۆڤان، تۆ کە لە نێو دووکانەکتدا دەڵێی دۆکتۆریت و کەوشی دڕوای پاژنە سواو، کە دێتە بەر دەستت، هێندەی بڵێی

یەک و دوو، وای لێ دەکـــەی وەک خـــۆر بدرەوشـــێـتـــەوە، تکایە خۆشەویستەکەی منیش چاک بکەوە!

**پێڵاودروو**: ئەوە جاران وابوو. هەنووکە پێڵاو هێندە خراپ دروست دەکرێ، کە جێیەکی دڕا، دەبێ فڕێی بدەی، چاککردنەوەی کەڵکی نابێ. برۆ کچی خۆم.

**پاکا**: بووکەکەم قۆڵی شکاوە، پشتی دڕاوە، تەنیا تۆ دەتوانی چاکی بکەیەوە.

**پێڵاودروو**: بێنە بووکەشووشەکەت! بەم ئامێرە بە جۆرێ شان و قۆڵی لە جێی خۆیان قایم دەکەمەوە، ئیدی هەرگیز نەترازێن، بەڵام ئەو قەڵبە گەورەیەی کەوتووەتە پشتی، بە من چارەسەر ناکرێ. ها ئەو پارچە پەڕۆیە ببە بۆ لای بەرگدروو، ئەو بۆت پینە دەکا، بەڵام وریای خۆت بە، بەرگدروو پیاوێکی پیسکەیە و منداڵیشی خۆش ناوێ.

*

**پاکا**: بەرگدرووی هێژا، تکایە بووکەکەم بۆ چاک بکەوە!

**بەرگدرووی پیاوان**: چیت دەوێ کچێ! چ دەکەی لەم ناوە؟

**پاکا**: بووکەکەم قەڵبەیەک کەوتووەتە پشتی و چاوەکانیشی بزر بوون، بەڵکوو یارمەتیم بدەی.

**بەرگدرووی پیاوان**: منداڵانی مەیدانەکە پێش تۆ، لێرە بوون، کە ڕۆییشتن، هەندێ بەکرە و دەرزی دیار نەمان. برۆ بە ڕێی خۆتەوە. (پاکا ڕاو دەنێت.)

**پاکا**: (دێتەوە.) من هیچم نەبردووە. تەنیا تۆی لێزان دەتوانی بووکەکەم چاک بکەیەوە.

**بەرگدرووی پیاوان**: ئا بێنە بووکەکەت! باشە چەند دەدەی؟ لەوە دەچێ

تۆ پێت وابێ، هەموو شتێکت بە خۆڕایی دەست دەکەوێ. ناهەقیشت نییە، ئێستا هەموو شتێک بۆ منداڵان بەلاشە. کە من منداڵ بووم، هیچمان نەبوو گەمەی پێ بکەین.

**پاکا**: بەڵام خۆ هەر یاریتان دەکرد؟

**بەرگدرووی پیاوان**: من هەر بە دە ساڵی بووم بە شاگردی بەرگدروویەک. ئێمە وەختمان نەبوو بەملا و بەولادا ڕابکەین و وەک ئێستای ئێوە هەر خەریکی گەمەکردن بین.

**پاکا:** هیچ کەرەسەیەکی یاریتان نەبوو؟

**بەرگدرووی پیاوان**: مەگەر بە دار و پەڕۆ داهۆڵمان دروست کردبا. منداڵ تێر سکی خۆی نانی نەدەخوارد. ئێستا باشترە، بەڵام ئەدی بۆچی دزیم لێ دەکەن؟

**پاکا**: پێم خۆشە زۆرتر باسی منداڵی خۆتم بۆ بکەی.

**بەرگدرووی پیاوان**: باسی چی بکەم؟ ئێمە هەمیشە برسی بووین و ژیانمان لە مەترسیدا بوو. هانێ کچی چاک، ئەوە پشتی بووکەکەت خەوشی تێدا نەما، بەڵام بۆ چاوەکانی قۆپچەی لەوانەی لای من جوانترت پێویستە. وا باشترە بچی بۆ لای بەرگدرووی ژنان، بەڵام ئاگادار بە، چونکە ژنێکی خراپە و زەحمەتە چاکەی لێ بوەشێتەوە.

**بەرگدرووی ژنان**: من پۆشاک بۆ ژنانی جوان دەدرووم. ئێستا خەریکی دروونی کراسێکی زیوینم بۆ ڕوسیتای دلڕفێن؛ لە بەری بکا، تەواو لە شازادە دەچێ. بەڵام تۆ بەم جلە چڵکن و دڕاوانەتەوە، چیت دەوێ؟ دەست لەو قوماشانە نەدەی، با پیس نەبن.

**پاکا:** بەرگدرروی دلۆڤان، هاتووم بۆ چاو، بۆ بووکەکەم.

**بەرگدرووی ژنان**: بۆ ئەو کۆنەبووکە پیسە؟

**پاکا**: بەرگدرووی پیاوان و پێڵاودروو برینەکانی بووکەکەمیان سارێژ کرد.
**بەرگدرووی ژنان**: ئینسان دەتوانی شوێنێکی پینە بکا، یان جێیەکی چاک بکاتەوە، بەڵام هەرگیز نابێتەوە بە بووکەکەی جاران. گەنجێتی هەرگیز بۆ کەس ناگەڕێتەوە. کچی بچووک بە هیوای لە داهاتوودا ببی بە چی؟
**پاکا**: نازانم.
**بەرگدرووی ژنان**: کە منداڵ بووم خەوم بەوەوە دەبینی، ببم بە دۆکتۆر. پێمەکەنە!
**پاکا**: پێناکەنم.
**بەرگدرووی ژنان**: بەڵام لە گوندەکەی خۆمان کە دەمگوت، دەمەوێ ببم بە دۆکتۆر، پێم پێدەکەنین؛ چونکە سەر بە خێزانێکی هەژار بووم. ئەوەتا بووم بە بەرگدرووی ژنان و لە بری ئەوەی برینی هەژاران بدوورمەوە، جل بۆ دەوڵەمەندان دەدرووم.
**پاکا**: بۆ بووکەکەی من، تۆ تاقە دۆکتۆری. تەنیا تۆی مەزن دەکاری توانای بینینی پێ ببەخشییەوە.
**بەرگدرووی ژنان**: گوتت من دۆکتۆرم. بۆ نا؟ ئا بێنە بووکەکەت با بزانم لێدانی دڵی ئاساییە. پێ دەچێ نەخۆشییەکەی سەخت بێ. بەڵام پاکا گیان چونکە من لێرەم، هیچ ترست نەبێ. باش بوو زوو ئەم بووکە نەخۆشەت بۆ لای من هێنا. هەر ئێستا بەنگی دەکەم، دەیخەوێنم و جووتێ چاوی جوانی پێ دەبەخشم.
ئادەی تکایە بەنگ، پلاستەر و لۆکەم بۆ بهێنن! زۆر سوپاس.
دوو قۆپچەی سپی مرواری ئاسا و دوو قۆپچەی دیکەی بچووکی

پیرۆزەییشم پێویستە. دەست خۆش.

ئەدی کوا نەشتەر و دەرزی و داو؟ سوپاس.

هەر ئێستا لەو پارچە قوماشە گرانبەهایە، کراسێکی جوانیشی بۆ دەکەم.

فەرموو ئەوە بووکەکەت. ئێستا بە تەواوی چاک بووەتەوە.

**پاکا:** زۆر سوپاس بەرگدرووی دلۆڤان.

**بەرگدرووی ژنان**: بەڵام پرچیشی کورتە و درزێو؟ پێویستی بە قژێکی جوان و درێژ هەیە. بچۆ بۆ مەیدانەکەیە. لەوێ وەستایەک هەیە بەرگی نوێ دەگرێتە قەنەفەی کۆن، خەیاتەی لە هەموو ڕەنگێ هەیە، بەڵام ئاگادار بە، حەزی لە قۆشمەیە.

**وەستا**: وەرە کچی خۆم، بزانم چیت دەوێ.

**پاکا**: هاتووم بۆ قژ، بۆ بووکەم.

**وەستا**: دەتناسم، تۆ پاکای، کچی ژنە چێشتکەرەکەی خانووە گەورەکە. ڕاستییەکەی یارمەتیشت دەدەم. ئادەی کوا بووکەکەت، با سەیرێکی بکەم. بوەستە با چاکترین کەتیرە و نایابترین خەیاتە بهێنم، هەر ئێستا بۆت دەکەمە خاوەنی جوانترین قژ. بەڵام تا کەتیرەکە تەواو وشک نەبیتەوە، قژی شانە نەکەی.

**پاکا**: زۆر سوپاس وەستای دلۆڤان.

**وەستا**: پاکا.

**پاکا**: بەڵێ.

**وەستا**: سڵاوم هەیە بۆ دایکت. پێی بڵێی، باشە؟

**پاکا**: ئم.

**وەستا**: لە بیرت نەچی پێی بڵێی.

**پاکا**: بیـرم ناچێ. ئێـسـتـا دەبێ دارتاشـێـک بێـشـکەیەکی بـاش بۆ بووکەکەم بکا. نا بێشکەم ناوێ، قۆڵەکانمی بۆ دەکەم بە لانک.

*

**چیرۆکبێژ**:

بووکەشووشەی جارانی زوو پشتگوێ خراو
ئێستا شادە بە ئامێزی
کیژێ لە گوڵ و خۆرەتاو.
کیژە گەمەی لەگەڵ دەکا
خواردن ئامادە دەکا بۆی
هەمیشە ئاگای لێیەتی
دەیپارێزێ وەک چاوی خۆی،
ناخی پڕ دەکا لە شادی
خەندە بۆ لێوانی دێنێ
باسکی دەکا بە سەرینی
بە لایلایە دەیخەوێنێ.
بووک دایکی خۆی چنگ کەوتووە
لە جۆلانەی قۆڵەکانیدا نووستوە.

## دیمەنی سێیەم

**دایکی ڕوسـیـتـا**: یەک، دوو، باز! یەک، دوو، باز! ئاوا بوەسـتـە گـوڵە گچکەکەم. پشتت با ڕێک بێت. لاقت ڕاکێشە، مەینووشتێنەوە! ئاوا.

**ڕوسیتا**: باشە دایە گیان.

**دایکی ڕوسیتا:** یەک، دوو، باز! یەک، دوو، باز!

**ڕوسیتا**: ئای!

**دایکی ڕوسـیـتـا**: دەبێ لەشـت نەرم بێ. ئاوا! ئێـسـتـا هەسـتـەوە، با لەسەر مەشقکردن بەردەوام بین. ئەگەر جوان فێری بالێ ببی، باوکت زۆری پێ خۆش دەبێت و شانازیت پێوە دەکا.

**ڕوسیتا**: کەی بابە دێتەوە؟

دایکی ڕوسیتا: ئەم ئێوارەیە.

**ڕوسیتا**: ئۆخەی بابە دێتەوە.

**دایکی ڕوسیتا**: منیش زۆرم پێ خۆشە کە دێتەوە.

**ڕوسیتا**: دایکە فێربوونی ئەم سەمایە ئاسان نییە.

**دایکی ڕوسـیـتـا**: نائومـێـدم مـەکـە. تۆ دەڵێی بابە ئەمـجارە چیت بۆ دەهێنێ؟

**ڕوسیتا**: نازانم، بەڵام هەر چیم بۆ بهێنێ، هەر پێم خۆش دەبێ.

**دایکی ڕوسیتا**: خوازیاری دیارییەکەت چی بێ؟

**ڕوسیتا**: بووکەشووشەیەک. بووکێکی زۆر جوان.

**دایکی ڕوسیتا**: ئەدی باوکت بووکێکی جوانی لە ڕۆماوە بۆ نەهێنای؟

**ڕوسیتا**: بەڵێ، بۆی هێنام.

**دایکی ڕوسیتا**: ئەدەی لە کوێیە؟
**ڕوسیتا**: هەر چییەکم بۆ بهێنێ، هەر پێی دڵخۆش دەبم. هاتنەوەی باوکم، دیاریشی پێ نەبێ، هەر مایەی شادیمە.
**دایکی ڕوسیتا**: دەڵێم بووکەکەت لە کوێیە؟
**ڕوسیتا**: شکا، فڕێم دا.
**دایکی ڕوسیتا**: ئەو بووکە جوانە چۆن شکا؟ دایە مەخەڵەتێنە.
**ڕوسیتا**: یاریم لەگەڵ دەکرد، شکا.
**دایکی ڕوسیتا**: دیسان دایە نائومێد دەکەی. بابە بزانێ ئەو بووکە جوانەت فەوتاندووە، ئاخۆ چی بڵێ؟ بیرت لەوە نەکردەوە کە دەشێ بابە دڵگران ببێ؟
**ڕوسیتا**: بمبەخشە، دایە گیان.
**دایکی ڕوسیتا**: مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە، تۆ زۆر نازت پێ دراوە. تۆ بۆچی هێندە بێهەستی؟ بۆچی بەهای پارە نازانی؟ سزات ئەوەیە: خەرجیی هەفتانە وەرناگری، تا بووکەکە نەهێنیتەوە. بە بابەش دەڵێم کە دیارییە جوانەکەیت فڕێ داوە.
**ڕوسیتا**؟ نا، بە بابە مەڵێ!
**دایکی ڕوسیتا**: ئیتر ئەم گوێ بە هیچ نەدانە بەسە. ئەگەر خۆت چاک نەکەی، ئیدی کچی من نیت. دە هەستە برۆ بووکەکەت بهێنەوە.

## دیمەنی چوارەم

**پاکا**: هاوڕێ شیرینەکەم وەرە لەسەر ئەژنۆم دابنیشە و گوێم لێ بگرە. ئەم ئێوارەیە دەستبەتاڵم، ئیش ناکەم، تێدەگەی؟ خانم دەیویست چێشت لێ بنێم، بەڵام پێم گوت: خانم گوێ بگرە، هەموو ئێوارەیەک شیوتان بۆ لێ دەنێم و ئێوە لەگەڵ کچە بچووکەکەتاندا پێکەوە نان دەخۆن، کەچی کچە بچکۆلانەکەی خۆم کە ناساغیشە بە تاقی تەنیا ڕاکشاوە. خانم گوتی: باشە دەتوانی لای کچە بچووکەکەی خۆت بیت و بگرە ئەوە دە پسێتاش شتێکی بۆ بکڕە، دڵی پێی خۆش دەبێ. بۆیە ئێستا لای تۆم  و چی بخوازی، ئەوە دەکەین. لە ماڵەوە دابنیشن و خەریکی خوێندنەوە بین؟ شتێکی خۆش بخۆین و زوو لێی پاڵ کەوین؟ حەزت لەوەش نییە؟ بچین بۆ سینەما؟ بۆچی دەڵێی نا؟ خۆ دەتوانی! دێیت: دە باشە با کراسە تازەکەت لەبەر بکەم.

**ڕوسیتا**: ئەو کچە کێیە؟ هەرگیز نەمدیوە. ئا ئا خۆ ئەوە پاکایە، کچی چێشتکەرەکە! ئەوە چۆن توانیوێتی بووکێکی وا جوان بکڕێ؟ پاکا، ئەوە تۆی؟ بووکێکی چەند جوانت هەیە!

**میزەڵدانفرۆش**: کچینە چۆنن؟ سەرنج بدەن، میزەڵدانێکی زۆر سەیرم پێیە. هەر لە کەروێشکێکی دڵخۆش دەچێ. پێشتر هەرگیز میزەڵدانی وام نەفرۆشتووە.

**پاکا**: ڕاست دەکا، زۆر جوانە. بەڵام بۆچی ئاوا بە سەرسامییەوە چاوت بڕیوەتە بووکەکەم؟

**ڕوسیتا**: دەتوانم تەوقەی لەگەڵ بکەم؟ ئای کە جوانە! با گەمەی لەگەڵ

بکەین.

**پاکا**: باشە منیش پێم خۆشە دووقۆڵی یاری لەگەڵ بووکە نازدارەکەم بکەین.

**ڕوسیتا**: بەڵام ئەوە بووکەکەی منە، دەی خێرا بمدەرەوە!

**میزەڵدانفرۆش**: ئۆی ئۆی.

**پاکا**: بووکی خۆمە.

**ڕوسیتا**: درۆ دەکەی، بووکی منە.

**پاکا**: مامەی میزەڵدانفرۆش دەزانێ کە بووکی منە.

**میزەڵدانفرۆش**: ئۆی ئۆی.

**ڕوسیتا**: میزەڵدانفرۆش دەزانێ کە بووکی منە و دەشزانێ چۆنم لە کیس چوو.

**میزەڵدانفرۆش**: ئۆیۆیۆی. کچینە ئەمە ئەوپەڕی نەگبەتییە. پێویستمان بە دادوەرێک دەبێت.

**کۆنەکۆکەرەوە**: خانمان، ئاغایان، سڵاوتان لێ بێت و ڕۆژتان باش. من کۆنەکۆکەرەوەم. هەرچیتان لێ زیادە و بە کەڵکتان نایە، بیبەخشن بە من. قوتوو بێ، شووشەی بەتاڵ بێ، جلی کۆن، قەنەفەی شکاو، تەنانەت کەوشی دڕاویش. هێژایان هیچی کۆنتان هەیە؟

**میزەڵدانفرۆش**: تەنگوچەڵەمەیەکمان هەیە.

**کۆنەکۆکەرەوە**: گەرچی خۆم خەم و خەفەتم هەیە، وەلێ هەر پێم خۆشە لە نزیکەوە ئاگاداری تەنگوچەڵەمەی کەسانی دیکەش بم. باوەڕ بکەن مەبەستم یارمەتیدانی خەڵکییە، نەک ئەوەی حەزم لێ بێ لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکوێ بم.

**میزەڵدانفرۆش**: ئایا کاکی کۆنەکۆکەرەوە لە بواری یاسا و

دادگاییکردندا هیچ شارەزاییەکی هەیە؟
**کۆنەکۆکەرەوە**: بڕوات هەبێ، هەرچی کون و کەلەبەری یاسا هەیە، هەمووی شارەزام. کێشەکەی ئێوە چییە؟ کەسێک بێ خانە و لانەیە؟ باوکێک حاشای لە منداڵەکەی کردووە؟
**میزەڵدانفرۆش**: منداڵێک دوو کەس خۆیان کردووە بە خاوەنی. ئەم دوو کیژە هەردووکیان خۆیان بە دایکی ئەو بووکە دەزانن. ئامادەی ببەی بە دادوەر و دایکە ڕاستەقینەکە دەستنیشان بکەی؟
**کۆنەکۆکەرەوە**: بەڵێ ئامادەم.
**میزەڵدانفرۆش**: ئەدی ئێوە کچینە، بە دادوەریی ئەم پیاوە هەقبێژ و هۆشمەندە قایلن؟
**پاکا**: من ئەم کۆنەکۆکەرەوەیە کە ‹جولیان›ی ناوە و هەمیشە ڕووی خۆشە وەک دادوەر پەسەند دەکەم.
**ڕوسیتا**: تۆ ئەو کۆنەکۆکەرەوەیەی کە هەفتەی جارێ لە دەرگا پشتەوە دێیت و هەواڵی ئەو شتومەکانە دەپرسی کە ئیدی ئێمە کەڵکیان لێ نابینین؟
**کۆنەکۆکەرەوە**: من ئەوم، کچی جوان.
**ڕوسیتا**: هەمیشە شتێکیشت هەر دەست دەکەوێ؟
**کۆنەکۆکەرەوە**: هەمیشە خانمە بچکۆلەکە.
**ڕوسیتا**: منیش وەک دادوەر پەسەندی دەکەم.
**کۆنەکۆکەرەوە**: کەواتە دەبێ سوێند بخۆن، کە ڕاستی دەڵێن و بێجگە لە ڕاستی هیچی دیکە ناڵێن و ملکەچی بڕیاریشم دەبن.
**ڕوسیتا** و **پاکا**: سوێند دەخۆین.
**کۆنەکۆکەرەوە**: بووکەشووشەکە هی کێیە؟

**ڕوسیتا**: هی منە.

**پاکا**: هی منە.

**ڕۆسیتا**: هی منە.

پاکا: هی منە.

**کۆنەکۆکەرەوە**: ناکرێ هی هەردووکتان بێ. ئێوە سوێندتان خوارد کە ڕاستی بڵێن. بیر بکەنەوە. بووکەکە بە ڕاستی هی کامتانە؟

**پاکا**: هی منە.

**ڕوسیتا**: هی منە.

**پاکا**: هی منە.

**ڕوسیتا**: هی منە.

**کۆنەکۆکەرەوە**: لە بارودۆخێکی ئاوا خراپ و نالەباردا، دادوەری ڕاستەقینە دەبێ چی بکا؟ دەتوانی بیسەلمێنی کە بووکی تۆیە؟ هیچ بەڵگەیەکت هەیە؟ بۆ نموونە پسووڵەی کڕینەکەی.

**ڕوسیتا**: باوکم لە ڕۆما بە دوو هەزار لیرە بۆی کڕیم. کەسێکی زۆر گرنگیش شایەتیم بۆ دەدا.

**کۆنەکۆکەرەوە**: دەبا بێت شایەتی بدات.

**دەرگاوان**: من پیاوێکی گەلێ گرنگم. دەرگاوانێکی زۆر باشم. بەو پەڕی ڕاستگۆییەوە، بە شەرەفم سوێند دەخۆم کە لە ڕۆژی دایکبوونی ئەو بووکەشووشەیەدا ئامادە بووم.

**کۆنەکۆکەرەوە:** تکایە ڕوونتر قسە بکە!

**دەرگاوان**: لە بیرمە ڕۆژێکی پاییز بوو. بە ئیشێک بەرەو لای ڕوسیتای جوان بەڕێوە بووم، گوێم لێ بوو قیژاندی، لە درزێکەوە سەیرم کرد، دیتم ڕوسیتا خەریکی کردنەوەی سندووقێکە، بەو ناونیشانەی

دەستیشی چووبوو بە بزمارێکدا. کە چوومە پێشترەوە، بینیم ڕوسیتا ئەو بووکەی لە سندووقەکە دەرهێنا. هیچ گومانم لە قسەکانی خۆم نییە و گەر دەخوازن لەژێریانەوە ئیمزاش دەکەم.
کۆنەکۆکەرەوە: ئەدی پاکا، تۆ لەو بارەیەوە چی دەڵێی؟

**پاکا**: من دەڵێم بووکی خۆمە. بووکێکی دڕاوی پشتگوێخراو بوو، ئەوە من بووم، ئامێزی پڕ لە ئەوینم بۆ کردەوە و سەرلەنوێ ژیانم پێ بەخشییەوە. دەبێ ئەوەش بڵێم، ئەگەر چەندان وەستای کارامە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ نەکردبا، چاک نەدەبووە. ئەوە من بووم لە سەرما پاراستم، جلی ژێرەوە و گوڵ و تەوقەم بۆ کڕی. ئەگەر کەسێ ویستبای ئازاری بدا، خۆم لەسەر بە کوشت دەدا. هەر بۆیە کۆنەکۆکەرەوی بەڕێز، نا ببوورە، دادوەری هێژا، بە دڵنیاییەوە دەڵێم، بووکی منە.

**کۆنەکۆکەرەوە**: بەڵێ، بەڵێ. دەبێ بیر لە داهاتووی بووکەکە بکەینەوە. دادە ڕوسیتا ئەگەر بووکەکە بدرێت بە تۆ، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەی؟

**ڕوسیتا**: بۆ بووکەکە وا باشترە لای من بێ. تەختی نووستنی باشی بۆ دەکڕم، لە سەر دۆشەکی نەرم دەیخەوێنم و هاوینان بە پۆپەشمینی ئاوریشم و زستانان بە پەتووی خوری دای دەپۆشم. دەبێتە خاوەنی دۆلابێ جلی جوانی نایاب، نەک تەنیا ژێرکراسێکی کۆنی زەردباو. فێری سەمای باڵێ و لێدانی پیانۆ دەبێ، نەک بە کوچە و کۆڵاناندا بسووڕێتەوە و پیس و پۆخڵ ببێ.

**کۆنەکۆکەرەوە**: ئەدی پاکا تۆ چی پێ دەبەخشی؟ وەڵام نادەیەوە؟ باشە شایەتت هەیە کە بووکی تۆیە؟

**پاکا**: میزەڵدانفرۆش تۆ شایەتی بدە و بیگێڕەوە. بە دادوەر بڵێ چەند بە دەست پۆشتە کردنەوەیەوە ماندوو بووم و چۆن ژیانی خۆم بۆ خزمەتکردن و ئاگالێبوونی تەرخان کرد.

**میزەڵدانفرۆش**: باشە کچی خۆشەویستی خۆم. من ئاگادار بووم، تۆ باوەشی پڕ لە سۆز و بەزەیی خۆت بۆ ئەو بووکە فەرامۆشکراوە کردەوە و هێندە بایەخت بە پەروەردەکردنی دا، هەر تەواو وەک هی خۆت بێت. بەڵام سەبارەت بەوەی بە گوێرەی یاسا کێ دایکی ڕاستەقینەی بووکەکەیە، من ناوێرم بیروڕای خۆم دەرببڕم.

**کۆنەکۆکەرەوە**: کەواتە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە، تاقە ڕێگا، هانا بردنە بۆ ئەو تاقیکردنەوەیەی کە بە بازنەی دەباشیر بەناوبانگە. با دایکەکان خۆیان منداڵەکە لە بازنەکە بهێننە دەرەوە، ئیدی ساغ دەبێتەوە، کێ دایکی ڕاستەقینەیەتی. من ئەمە یەکەم جارە، پەنا بۆ ئەو ڕێگاچارەیە ببەم.

ئێستا من زۆر بە وریاییەوە بەم پارچە دەباشیرە، کە ئەم بەیانییە دۆزیمەوە، بازنەیەکی بچووک دەکێشم. بووکەکە ئا لێرەدا، لە ناوەڕاستی بازنەکەدا دادەنێم. ڕوسیتا تۆ دەستی ڕاستی بووکەکە دەگری، پاکا تۆش دەستی چەپی. ئەوی هێندە بەهێز بێ، بتوانێ ڕایبکێشێتە دەرەوەی بازنەکە، دایکی ڕاستەقینەی بووکەکەیە.

**دەرگاوان**: دەبێ ئەم دادگاییکردنە ڕابگیرێت. پاکا چونکە لەسەر ئیشکردن، بە تایبەتی عەردی ژوور سڕین، ڕاهاتووە، بۆیە ئەو قۆڵە لاوازانەی هێزێکی زۆریان لە نێو خۆیاندا حەشار داوە.

**کۆنەکۆکەرەوە**: بەڵام ڕوسیتاش بەردەوام خەریکی جومناستیکە. وتوویژ تەواو. تکایە بێ دەنگی. دەست پێ دەکەین. ڕاکێشە! پاکا، تۆ

هیچت نەکرد! بۆچی هیچت نەکرد؟

**پاکا**: من بۆ ئەوە بووکەکەم چاک نەکردبووەوە کە دیسان لەتوپەت بکرێتەوە.

**کۆنەکۆکەرەوە:** ئێستا تاقیکردنەوەکە کۆتایی هات. ڕوسیتا توانی بووکەکە لە بازنەکە بهێنێتە دەرەوە.

**دەرگاوان:** داواکارم مۆڵەتم بدەن، بچمەوە بە لای ئیشی خۆمەوە؟

**کۆنەکۆکەرەوە**: داخوازییەکەت بەجێیە. شاهێد دەتوانێ بڕوا.

**پاکا**: وا مەیگرە! ئاخر هێشتا زۆر ناسکە! نەک ئازاری پێ بگا.

**ڕوسیتا**: بووکی خۆم نییە؟

**پاکا**: بە هەر حاڵ، وریای بە!

**کۆنەکۆکەرەوە**: گەرچی هەموو ڕێساکانی تاقیکردنەوەکەم ڕەچاو کرد، وەلێ هێشتا شتێک ناجۆرە. ڕاستە گوتراوە: با دایکەکان خۆیان منداڵەکە لە بازنەکە بهێننە دەرەوە، ئیدی ساغ دەبێتەوە، کێ دایکی ڕاستەقینەیەتی. بەڵام شتێک هەیە، من تێی ناگەم. دەبێ تاقیکردنەوەکە دووبارە بکەینەوە. پاکا و ڕوسیتا، دەبێ دیسان تاقیتان بکەمەوە.

**ڕوسیتا:** بەر پەڕی خۆشییەوە. ڕاکێشە!

**میزەڵدانفرۆش**: پاکا دە بووکەکە ڕاکیشە! پیشانی بدە کە تۆش دەتوانی ڕای بکێشی.

**پاکا**: نا.

**کۆنەکۆکەرەوە**: هێژایان ئێستا من لە تاقیکردنەوەی بازنەی دەباشیر تێگەییشتم. مەسەلەکە ئەوە نییە، کێ بەهێزترە و دەتوانێ منداڵەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بەڵکوو ئەوەیە، کێ زۆر بە تەنگ منداڵەکەوە دێت؟

کێ دلۆڤانتره و پەلی منداڵەکە، بۆ ئەوەی ئازاری پێ نەگا، بەر دەدا؟ دایکی ڕاستەقینە هێزی بۆ پاراستنی منداڵەکەی دەخاتە گەڕ، نەک بۆ ئازار پێ گەیاندنی. بۆیە من کە جولیانی کۆنەکۆکەرەوەم، بڕیارم دا، بووکەکە بدرێ بە پاکا.

**پاکا**: وەرە بووکە فریشتە ئاساکەم. دوای ئەم هەموو هەرایە، لە نێو جۆلانەی دڵمدا سەرخەوێ بشکێنە!

**میزەڵدانفرۆش**: ڕوسیتا: ئارام ببەوە! تۆ خۆت کۆنەکۆکەرەوەت وەک دادوەر پەسەند کرد.

ڕوسیتا: دایە، دایە.

**کۆنەکۆکەرەوە**: هەنووکە پاکای جوان، چونکە من پیاوێکی بە ئەزموونم، پێشنیار دەکەم، چی زووترە خۆت بکەی بەو کۆڵانەدا و بزر بیت، بەڵام پێویست ناکا، هەڵێی. ئاخر دڵنیام دەوڵەمەند تەنیا ئەو وەختە بڕیاری دادگا پەسەند دەکا، کە لە قازانجی خۆی بێ. سەرکەوتوو بی، پاکای ژیکەڵە. چونکە پیاوێکی خاوەن ئەزموونم، هەر ئێستا خۆشم لەم ناوە دوور دەکەومەوە.

سەرچاوە:

Barnens Pjäsbok, Siv och Gertrud Widerberg, En bok för alla, s. 87 _ 98 Smedjebacken 1997

# پەیامنێرتان لە سەرایڤۆوە

مردن ئەوەندەی کراسەکەی بەرم لێمەوە نزیکە.

زلاتا

هاوینی ١٩٩٣چەند کارمەندێکی ‹یونیسێف› سەردانی سەرایڤۆیان کرد؛ لەوێ پێوەندییان بە منداڵانەوە کرد و داوایان لێ کردن دەفتەری بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی خۆیان بخوێننەوە. بیرەوەرییەکانی زلاتا، کیژۆڵەی یازدە ساڵان، سەرنجی ڕاکێشان. ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسایی بیرەوەرییەکانی زلاتای نیشانی دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی فەرەنسایی دا. دەزگاکە یەکسەر بڕیاری بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانی زلاتای دا. زلاتا لە بیرەوەرییەکانیدا هەندێ جار خەو بەوەوە دەبینێ، ببێتە باڵندەیەک و بفڕێ و دۆزەخی سەرایڤۆ جێ بهێڵێ. زلاتا باس لە ژیانی منداڵانی سایەی شەڕ دەکات و پێی وایە شەڕەکە، شەڕی نێوان سەرب و کروات و موسڵمان نییە، بەڵکو شەڕی نێوان پڕوپووچەکانە.

دوای وتووێژی نهێنیی نێوان پیاوێکی فەرەنسایی و دەسەڵاتدارانی سەرب، زلاتا و خێزانەکەی سەرایڤۆیان جێ هێشت و گەیشتنە پاریس. یەکەم کاری زلاتا لە پاریس ئەوە بوو: جووتێ پێڵاوی نوێی کڕی، چونکە پێڵاوە کۆنەکانی کە دوو ساڵ بوو لە پێی دەکردن، تەواو بە پێی بچووک بووبوونەوە. ئاخر لە سەرایڤۆ نە پێڵاو هەیە، نە ئاو، نە کارەبا، نە خۆراک. لەوێ حەفتا هەزار منداڵ لە هەلومەرجێکی گەلێک

دژواردا، له سێبەری ئەو شەڕە نەفرەتییەدا ‹ژیان› بەسەر دەبەن. زلاتا نوێنەری ئەو منداڵانەیە بۆ سەراپای جیهان و باس لە ژیانی منداڵی ناوچەرگەی شەڕی ناوخۆ دەکات، بەرزترین ئاواتیشی ئەوەیە: بە دیداری وڵاتەکەی شاد ببێتەوە، بە مەرجێ ئاشتی سەروەر بێ، نەک شەڕ.

**چەند لاپەڕەیەک لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی زلاتا**

دایکم گەرچی سەرومڕ دەگری، کەچی دەیەوێ لێمی بشارێتەوە، بەڵام من هەموو شتێک دەبینم. دەزانم لێرە چ باسە. دەبینم ئاشتی کۆترێ بوو، کوژرا. شەڕ لەناکاو خۆی گەیاندە شارەکەمان، ماڵەکەمان، بیر و ژیانمان.

١٨ ـ ٤ ـ ١٩٩٢

سەلما گورچیلەیەکی لە دەست دا. ‹نینا›ش مرد، پارچە تۆپێ بەر سەری کەوت. نینا کچێکی جوان و ڕووخۆش بوو، لە باخچەی منداڵانەوە پێکەوە بووین و هەمیشە پێکەوە یاریمان دەکرد. بەڕاست ئیدی هەرگیز نایبینمەوە! نینا کچێکی بێتاوانی یازدە ساڵان بوو، بووە قوربانیی شەڕێکی کەرانە. پەستم و دەپرسم بۆچی؟ ئەو هیچی نەکردبوو. ئای چ شەڕێکی پیسە، ژیانی منداڵانی خاپوور کردووە. نینا: هەرگیز لە بیرت ناکەم.

٧ ـ ٥ ـ ١٩٩٢

هەر مرۆڤە و دەکوژرێ، بێ ئەوەی کەسێ بتوانێ بە هاواریانەوە بچێ.
خوایە ئەمە چییە ڕوو دەدا؟ ئەوەندە پەست و تووڕەم، حەز دەکەم بقیژێنم و هەرچی هەیە و نییە تێکی بشکێنم.

١٣ ـ ٥ ـ ١٩٩٢

دەسەڵاتدارانی شەڕخواز نە هیچ سەبارەت بە ئەوین دەزانن، نە مەبەستیشیانە هیچ ڕزگار بکەن. ئەوان تەنیا سووتاندن، تێکدان و خاپوورکردن دەزانن. ‹زێترا›شیان سووتاند، ئەو گۆڕەپانە دڵگیرەی جێگەی يارييە ئۆڵۆمپییەکان بوو. وا هەست دەکەم هیچ شتێ ڕزگاری نابێ.

٢٥ ـ ٥ ـ ١٩٩٢

نەخۆشخانەی ژنان، ئەو جێیەی منی تێدا لە دایک بووم، ئەوێشیان سووتاند. ئەو وەختەی ئاگر لە نەخۆشخانەکەوە بڵند دەبووەوە، هاوکات دوو ژن منداڵیان دەبوو. خوایە: خەڵکی دەکوژرێن، شتومەک دەسووتێن، منداڵ لەناو کڵپەی ئاگردا لە دایک دەبێ.

٣٠ ـ ٥ ـ ١٩٩٢

خەمناکی، تەقە، تۆپباران، ڕەشەکوژی، بێئومێدی، برسێتی، کوێرەوەری و ترس، ئەمەیە ژیانی من، ژیانی کچە قوتابییەکی بێتاوانی یازدە ساڵان. کچە قوتابییەکی بێ قوتابخانە، بێ شادی. منداڵێکی بێ یاری، بێ هەڤاڵ، بێ خۆر، بێ مەل، بێ سروشت، بێ میوە و بێ شیرینی. ئەوی هەیە تەنیا نەختێ شیری وشکە، بە

کورتییەکەی منداڵێکی بێ منداڵێتی. منداڵێکی سەردەمی شەڕ. ئێستا دەزانم کە من لە ناوجەرگەی شەڕدا دەژیم. من بینەری شەڕێکی پۆخڵم کە خوازیاری نیم. من و هەزاران منداڵی دیکەی ئەم شارە، کە خەریکە بە تەواوی کاول دەبێ، هەنسک هەڵدەدەین، دەگرین و داوای یارمەتی دەکەین، بەڵام کەس بە دەنگمانەوە نایە. خوایە گیان: کاتێ دێت، ئەم شەڕە کۆتایی بێت؟ کاتێ دێت بچمەوە قوتابخانە؟ کاتێ دێت، خۆشی لە ژیانی منداڵیم ببینم؟ بیستوومە منداڵی خۆشترین سەردەمی ژیانە، کەچی ئەوەتا ئەم شەڕە پۆخڵە منداڵێتی لێ دزیوم. هەست دەکەم زۆر پەستم، دەمەوێ بگریم، دەگریم.

٢٩ ـ ٦ ـ ١٩٩٢

من لە ژێرزەمیندا ژیان بەسەر دەبەم و منداڵانی دیکەش پشووی هاوینیانە و لە کەناری زەریا مەلە دەکەن و خۆیان دەدەنە بەر خۆر. خوایە چیم کردبوو تا شیاوی ژیانی ژێر سێبەری ئەم شەڕە نەفرەتییە بم و بە شێوەیەک بژیم کە هیچ منداڵێک نابێ وەها بژی؟
هەواڵێکی ناخۆشی دیکە: کوڕێک کە پێکەوە لە گرووپێکدا ئەدەبمان دەخوێند، کوژرا. ئەویش پارچەی تۆپی بەر کەوت. ئای چەند کوڕێکی دلۆڤان بوو! خوایە گیان ئیتر بەس نییە؟

١٥ ـ ٩ ـ ١٩٩٢

بەهار هات و ڕۆیشت. هاوین هات و ڕۆیشت. ئێستا پاییزە، ئۆکتۆبەر دەستی پێ کرد و شەڕ هەر بەردەوامە. خوایە گیان کەس هەیە بیر لە ئێمە بکاتەوە؟ چۆن ئەم زستانە بێ کارەبا، بێ ئاو، بێ گاز لەناو

شەڕدا بەسەر بەرین؟

١ ـ ١٠ ـ ١٩٩٢

سیاسەت هیچی نوێی تێدا نییە. ئەوان وتووێژ دەکەن و بڕیار دەدەن و ئێمە دەکوژرێین، ڕەق دەبینەوە، لە برسان‌دا دەمرین، دەگرین، لە هاوڕێکانمان جیا دەبینەوە و هەرە خۆشەویستەکانمان جێ دەهێڵین. زۆر هەوڵ دەدەم لەم سیاسەتە کەرانەیە تێبگەم، چونکە دەزانم سیاسەت بوو کارێکی کرد شەڕ هەڵبگیرسێ و درێژەی هەبێ و ژیانمان لێ ببێتە دۆزەخ. لە نێوان هاوڕێکانمدا، لە نێوان هاوڕێکانی خێزانەکەمدا، خەڵکی کروات و سەرب و موسڵمان هەن. هاوڕێکانمان کۆمەڵێ خەڵکی تێکەڵن و هەرگیز نەمزانیوە کامیان کرواتە، سەربە، یان موسڵمان؟ نازانم بۆچی سیاسەت لە یەکترمان دادەبڕێ؟ ئێمە خۆمان دەمانزانی کێ چاکە و کێ خراپ. من بچووکم و سیاسەت کاری گەورەکانە، بەڵام وای بۆ دەچم، ئێمەی بچووک چاکتر سیاسەتمان دەکرد. بەهەرحاڵ دڵنیام هەرگیز شەڕمان هەڵنەدەبژارد.

١٩ ـ ١١ ـ ١٩٩٢

دنیا زۆر ساردە، زستان بە ڕاستی هات. جاران زستانم خۆش دەویست و خۆشیم لێ دەبینی، بەڵام ئێستا زستان میوانێکی ئێسکگرانە. گوڵەکانمان لە سەرمادا سیس هەڵگەڕاون، لەو ژوورەن کە ناتوانین گەرمی بکەین. ئێستا خۆمان لە مووبەقەکە دەژین، تەنیا لەوێ ئاگر دەکەینەوە و هەر لەوێش دەخەوین. مەپرسە لێم لەسەر پیجامەکانمەوە چەند بلووزم لە بەردایە. ئێستا مووبەقەکەمان:

مووبەقە، ژووری دانیشتنە، ژووری نووستنە و سەرشۆرکیشە.
١٩٩٢ ـ ١٢ ـ ٦

دوێنێ ئاهەنگی لەدایکبوونی حارس بوو. بەڕاستی خۆش بوو. خەڵکێکی زۆر هاتبوون. گەر گەورەکان نەیانکردایە بە باسی سیاسەت، زۆر خۆشتریش دەبوو. تا سنووری مردن بە دەست سیاسەتەوە ماندووم.
١٩٩٣ ـ ٢ ـ ١٥

نە درەخت ماوە، نە مەل، شەڕ ئەوانیشی لە ناو برد. بەهارە و جریوە و جووکەی مەل نابیسترێن. کۆتر کە سیمبۆلی سەرابیڤۆ بوو، قڕی تێ کەوت. نە منداڵی دەم بە پێکەنین ماوە، نە یاری. منداڵ ئیدی منداڵ نین، منداڵێتییان لە دەست داوە. وا پێ دەچێ سەرابیڤۆ لەسەرەخۆ بمرێ و بزر بێ. ژیان بەرەو بزربوون هەنگاو دەنێ. چۆن هەست بە بەهار بکەم؟ چۆن بەهار دەبێتە نیشانەی ژیان، کە ژیان خۆی بوونی نەبێ؟ لێرە لەوە دەچێ هەموو شتێ مردبێ. پەستم و پەستتر دەبم. هەر کە بیر دەکەمەوە، خەمباری دامدەگرێ.
١٩٩٣ ـ ٣ ـ ١٥

هەست بە پەستی و ترس دەکەم. دەپرسم: ئاخۆ دەیانەوێ ناچارم بکەن بەرەو کوێ بڕۆم؟ دەپرسم: بۆچی هێمنی و منداڵێتیمیان زەوت کرد؟ جاران بە زەردەخەنەوە بەرەو ڕووی هەموو ڕۆژێکی نوێ دەبوومەوە. هەموو ڕۆژێکم جوانی خۆی هەبوو. جاران خۆشیم لە خۆر

دەبینی، یاریم دەکرد، گۆرانیم دەگوت. بە کورتی خۆشیم لە منداڵێتیم دەبینی. تاقە شتێ کە حەز دەکەم بیڵێم: ئاشتییە، ئاشتی.

١٧ ـ ٧ ـ ١٩٩٣

ئەمڕۆ زیکا شتێکی زۆر گرنگ و دڵڕفێنی دامێ، پرتەقاڵێکی ڕاستەقینەی تازە. دایکم گوتی: ئا بێنە با بزانم بیرم ماوە پرتەقاڵ چۆن پاک دەکرێ؟ باش بوو لە بیری مابوو، ئای کە ئاودار و خۆش بوو.

٥ ـ ٩ ـ ١٩٩٣

ناتوانم بڕوا بکەم. ئەمڕۆش تۆپێک کوڕێکی سێ ساڵانی کوشت و خوشک و دایکیشی بریندار کرد. پازدە هەزار کەس لە خەڵکی سەرایێڤۆ بوونە قوربانی گەمەی سیاسەت. لەوانە سێ هەزاریان منداڵ بوون. پەنجا هەزاری تر بریندار بوون و زۆریان دەست و لاقیان پەڕی. گۆڕستانەکان جێگەی تەرمی تریان لێ نابێتەوە. دەشێ تەنیا لەبەر ئەمە، ئیتر ئەم شێتییە بەس بێ.

١٧ ـ ٩ ـ ١٩٩٣

یارییە مێژووییەکەی نێوان شەڕ و ئاشتی ئەمجارەش دوایی هات. هەمدیسانەوە ئاشتی دۆڕاندی. منیش فێری سیاسەت بووم.

٢١ ـ ٩ ـ ١٩٩٣

*

هاوزەمان لەگەڵ نوێبوونەوەی شەڕی ناوخۆدا لە خوارووی

کوردستان، خەریکی خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی زلاتا بووم. زلاتا تەنیا باسی خۆی ناکات، تەنیا باسی منداڵانی سەرایێڤۆ ناکات، باسی هەموو منداڵانی سایەی شەڕ، لە هەر کوێیەک بن، دەکات.
زلاتا فێرمان دەکات زاراوەی شەڕی براکوژی ڕەت بکەینەوە و بە دوای زاراوەیەکی ڕاستتردا بگەڕێین. ئەوانەی لە خوارووی کوردستان ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسێنن و ئەوانەشی سەرقاڵی بۆسەنانەوە و پەلاماردان و کوشتوبڕن، واتا: ئەوانەی بڕیاری شەڕ دەدەن و ئەوانەشی جێبەجێی دەکەن و بە باڵایدا هەڵدەڵێن، برای کورد نین، دوژمنی سەرسەختی ئێستا و داهاتووی کوردن.
‹ئەوە کانیاوی خوێنە بە کۆڵان و شەقامەکانی شارەکەمدا ڕێ دەکا و خوڕەی دێ، بۆیە زلهێزەکان بێ دەنگن، ئەگەر نەوت بووایە لە مێژ بوو هاتبوون و ئاشتییان سەپاندبوو.› ئەمە قسەی پیاوێکی دینداری سەرایێڤۆیە، زۆرم لەسەر ئەو شەڕە بەر گوێ کەوتووە و خوێندووەتەوە، هێشتا قسەیەکی لەوە ڕاستترم نەبیستووە و نەدیوە. ئەو قسەیە بۆ سلێمانی و هەموو شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان، هەر جێی خۆیەتی.

1994. 07. 02

* سەرچاوەی ئەم نووسینە: ‹بیرەوەرییەکانی زلاتا›یە، کە لویسەموێل لە فەرەنساییەوە کردوویە بە سوێدی و دەزگای بڵاوکردنەوەی ڕێختەر لە ماڵموێ - سوێد، لە سەرەتای ١٩٩٤دا چاپی کردووە.

Zlata Filipovic, ZLATAS DAGBOK, översättning: Louise Moell, Richters förlag 1994 Malmö

## بازرگانانی سێکس

زۆربەی قوربانییەکانی بازرگانیی لەشفرۆشی، ژنانی سەر بە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەورووپان. ساڵانە نیو ملیۆن ئافرەت بە ئەورووپای خۆرئاوا دەفرۆشرێن. زۆربەیان ڕەوانەی ئەڵمانیا، یۆنان، ئیتاڵیا، ئیسپانیا و بەریتانیا دەکرێن. UN پێی وایە ساڵانە لە جیهاندا بازرگانی بە لەشی چوار میلیون ژن و منداڵەوە دەکرێت. هەنووکە نزیکەی هەشت سەد هەزار ژنی لەشفرۆش لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپادا هەن، سێ سەد هەزاریان لە ئەڵمانیان و هەر سێ پیاوی ئەڵمانیایی یەکێکیان لای کەم جارێک سێکسی کڕیوە. لە سوید سێ هەزار ژن لەش دەفرۆشن و هەر لە هەشت پیاویش یەکێکیان جارێ لە جاران سێکسی کڕیوە. قوربانیی یەکەم لەو بازرگانییەدا کە ژنە، سەرەتا بە چەشەی کاری مسۆگەر و مووچەی بڵند ڕاو دەکرێت و دواتر وەک کۆیلە دەفرۆشرێت. ئەو ئافرەتانە پاسپۆرتەکانیان زەوت دەکرێت و وەک ئاژەڵ لەم وڵاتەوە بۆ ئەوی دی دەگوێزرێنەوە و ناچار دەکرێن لەشیان بفرۆشن.

ئەگەر لەشفرۆشی بکرێتە کارێکی یاسایی، ئەوا بازاڕی بازرگانی بە لەشی ژنەوە کردن، چەندان هێندەی دیکە گەرم دەبێت و زەریایەک لە شوێنی لەشفرۆشی پەیدا دەبێت و ئەوسا دەڵاڵانی لەشفرۆشی ئاسانتر ژنانی کۆیلەیان لەو زەریایەدا، لە سویدیشدا کە لەشکڕین

تێیدا تاوانە، بۆ حەشار دەدرێت. (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەورووپا) وەک پەنابەری نایاسایی دەڕوانێتە ئەو ژنانەی کە دەبنە قوربانیی بازرگانیی لەشفرۆشی، ئەمەش کاری دەڵاڵانی ئاسانتر کردووە، ئاخر دەلاڵیکردن لە گەلێک لە وڵاتانی EU دا تاوانە. هێشتا ئەورووپا لە قۆناغی کۆیلایەتیدا دەژی، ئەوە نییە ژن بێ ویستی خۆی، بازرگانیی پێوە دەکرێت.

هەنووکە کە یەکێتیی ئەورووپا لە هەوڵی بە یاساییکردنی لەشفرۆشیدایە، دەزانێت زۆرن ئەو لایەنانەی لەو بازرگانییە پۆخڵەدا سوودمەند دەبن، وەک: دەوڵەت، (ئاخر لەشفرۆشتن دەبێتە پیشە و باجی لەسەر دەبێت.) دەزگاکانی گەشتوگوزار، کومپانیاکانی تاکسی، ئوتێلەکان، چێشتخانەکان، بارەکان، ئەمە وێڕای شوێنەکانی لەشفرۆشی، یانە جۆراوجۆرەکانی شەوان و کۆمپانیاکانی فیلمی ڕووت. لە ئەمستردام کە خاوەنبارێک ژنێک بە هەزار دۆلارێک دەکڕێت، مانگانە لە ئەنجامی فرۆشتنی لەشی ئەو ئافرەتەوە، بیست هەزار دۆلاری دەست دەکەوێت. ئەگەر لەشفرۆشی بکرێتە کارێکی یاسایی، سوودمەندی یەکەم دەڵاڵە و هی دووەمیش دەوڵەت. یوئێن لای وایە ساڵانە لە جیهاندا تەنیا ئەو تاوانکارانەی بازرگانی بە فرۆشتنی لەشی ژنانەوە دەکەن، نزیکەی حەوت ملیارد دۆلاریان چنگ دەکەوێت.

یەکێک لەو شێوازە باوانەی ژنی بەرەو لەشفرۆشی پێ فریو دەدەرێت، بانگکردنێتی بۆ ئیشکردن لە یانەیەکی شەوانەدا. هەر ئەو شەوەی پێوەندیی بە یەکێک لەو یانانەوە دەکات، ئیدی پێوەندیی بە کۆمەڵگاوە نامێنێت. ئیدی پیاو کە پارەی پێیە، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، هەر کە خواستی ئەتکی بکات. ئەو ژنەی ناچاری لەشفرۆشی دەکرێت، چونکە

ڕۆژانە چەند پیاوێک دەبینێت کە پێشتر هیچ شتی تایبەتی و هاوبەشیان لە نێواندا نەبووە، هەست بە پیسبوونی خۆی دەکات. لەشفرۆش گەرچی دوای هەر ئەتککردنێک جەستەی خاوێن دەکاتەوە، بەڵام هەست دەکا، گیانی بە پۆخڵی ماوەتەوە. ئەمە هەستی هەموو ژنێکی لەشفرۆشە، با خۆی ددانیشی پێدا نەنێت. ئەستەمە ژن دەرگایەکی کراوە شک ببات و لە دەرگای لەشفرۆشی بدات.

لەشفرۆش هەیە دەڵێت: لەشفرۆشی پیشەیەکی باشە، چونکە خۆت بڕیار دەدەیت، کەی و چۆن کار دەکەیت، خۆت بەرپرسی خۆتی، دەستکەوتێکی باشت دەبێت و خەڵکیش دەبینی و پیاوی تەنیاش زۆرن، پێویستیان بە سێکس هەیە، بە هانای ئەو پیاوانەشەوە دەچیت. لێ پێ ناچێت ئەوە قسەی دڵی هیچ لەشفرۆشێک بێت.

هەندێک دەڵێن: لەشفرۆشی هەر هەبووە و هەر دەشمێنێت، جا باشتر نییە ببێتە پیشەیەکی ئاسایی، ئاخر ئەگەر وەک ئیشێکی یاسایی سەرنجی بدرێت، سێکسفرۆش هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات، چونکە ناچار نابێت، نەوێرێت باسی ئیشەکەی بکات، ناچار نابێت لە شوێنی نهێنیی وادا لەشی بفرۆشێت کە ئەگەری ئەوە هەیە ڕوو بە ڕووی زەبروزەنگ ببێتەوە.

لە سوید کڕینی سێکس دەکەوێتە خانەی زەبروزەنگ دژی ژن بە کارهێنانەوە و بە گوێرەی یاسا تاوانە و سزای لەسەرە، بەڵام لەشفرۆشتن ئازادە. لە بەریتانیا و ئیرلاند سێکسکڕین ئازادە بەڵام بە نهێنی. لە ئەڵمانیا، هۆڵاند، نەمسا و یۆنان لەشفرۆشتن ئیشە و لەشفرۆش باج دەدات. فینلاند، دانمارک و فەرەنسا پێ دەچێت شوێنپێی سوید هەڵبگرن. نۆڤەمبەری ٢٠٠١ دادگای یەکێتی ئەورووپا

بڕیاری دا، مـۆڵەتی کـار، بەو ژنە چیکی و پۆڵۆنیـیـانە بدات، کـە خوازیارن لە ئەڵمانیا بە لەشفرۆشتن بژێوی خۆیان دابین بکەن.
لە ڕوانگەی (ستێفانێ کلی)وە کە ژنە لەشفرۆشێکی بەرلیننشینی ٤٨ ساڵەیە و بیست ساڵە لەشی دەفرۆشێت، ئەو یاسایەی سوید گەڕانەوەیە بۆ سەدەکانی نێوەڕاست. ئەو پێی وایە هەموو کەسێک بۆ ئەوەی بەختەوەر بێت، پێویستی بە سێکسە و کەم پیاو بەوە قایلە تەنیا پێوەندیی لەگەڵ یەک ژندا هەبێت و لەشکڕین شتێکی تایبەتییە و دەوڵەت مافی ئەوەی نییە خۆی تێهەڵبقورتێنێت. کارولینە ژنە سویدییەکی بیست و هەشت ساڵەیە، بە نهێنی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە، بەو هیوایەی پارەی خانوویەک پێکەوە بنێت، لەشی دەفرۆشێت و مانگی دوو هەزار دۆلارێک پەیدا دەکات. ئەو پێی وایە کۆمەڵگا ناچاری دەکات، بە دزییەوە ئەو کارە بکات و گەر سوید کراوەتر بووایە، ناچار نەدەبوو، بە دوو ڕوو بژی.
ژنانی لەشفرۆش:
* بە ئاسانی دەبنە کوهولی و کۆیلەی نارکۆتیک.
* نزیکەی هەمیشە، سەریان، پشتیان، گەدە و ڕیخۆڵەیان دێشێت.
* دەزگای زاوزێیان دووچاری نەخۆشی دەبێت.
* وەتاق دەکەونەوە و نە دۆستیان دەمێنێت، نە خێزان.
* بە هیچ شوێنێکەوە پەیوەست نین و هەست بە بێلانەیی و بێوڵاتی دەکەن.
* چونکە کۆمەڵگا سووک سەرنجیان دەدات، زۆر بە زەحمەت دەتوانن خۆیان لەگەڵ دەوروبەردا بگونجێنن. لە هیچ کوێ هەڵناکەن و لەگەڵ کەس ناحەوێنەوە.

* لە هەواری بێئیشیدا دەگیرسێنەوە.

* نە لە لەشولاری خۆیان ڕازین، نە حەزیان لە سێکس دەمێنێت، نە بڕوا بە هیچ پیاوێک دەکەن.

* دووچاری هەست بە پەشیمانیکردن، بێخەوی، خەمۆکی و خۆبەکەمزانی دەبن و بەردەوام بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە.

2002. 10. 31

* زنجیرەڕاپۆرتێک کە کریستینا لارسۆن و نێکا ئاموو ئامادەیان کردووە و ڕۆژانی ٢٨ تا ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ لە ڕۆژنامەی Aftonbladet ی سویدیدا دا بڵاو کراوەتەوە، سەرچاوەی ئەم کورتەباسەیە.

# بۆ ئەو هێژایانەی دەپرخێنن

گیانە لە پرخەی شیرین خەومدا
پێ بنێ وە بان دورِی دەومدا
مەڵێ دگانت تیژە وەک گاسن
دەچەقێتە پێی خرپنی شاژن
بە دانی گاسن، بەرزە تەوێڵم
باخچەی بەرماڵی تۆی پێ دەکێڵم

پرخاندن کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتییە و هەرِەشە لە ژیانی هاوسەرینی دەکات. ئەگەرچی پرخاندن نەخۆشییە، کەچی کەمن ئەوانەی بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشییە سەردانی دۆکتۆر دەکەن. تەنانەت هەندێ لەوانەی دەپرخێنن، کە کەسێکی نزیکیان ئاگاداریان دەکاتەوە، برِوا ناکەن کە پرخاندوویانە.

پیاو هەیە هەر کە سەری نایە سەرین یەکسەر دەپرخێنێت. کە ژنەکەی سووک تێوەی دەژەنێت و پێی دەڵێت: پرخەت دێت و برِوای پێ ناکات، ئەمە دەگەرِێتەوە بۆ ئەوەی، ئینسان پێش ئەوەی بە تەواوی نووستبێت، دەزگای بیستنی خەوی لێ کەوتووە، هەر بۆیە پێی وایە کە هێشتا نەخەوتووە، چۆن گوێی لە پرخەی خۆی نەبووە؟ دەشێت بەردەوامبوونی ئەو سووکە تێوەژەندنانە، بە جیابوونەوەی ژن و مێرد کۆتایی بێت.

ئەوی زۆر بپرخێنێت، چونکە بە ئاسانی هەناسەی بۆ نادرێت، ناتوانێت باش بخەوێت، ئەوی باش نەخەوێت، بە ڕۆژ هەمیشە هەست بە ماندوویێتی دەکات. بۆ ئەوەی نەپرخێنین، نابێت لەسەر پشت بخەوین. ئینسان بۆ ئەوەی کە نوست، نەکەوێتە سەر پشت، دەتوانێت شەوانە (پشتوێنی ئەنتی پرخە) ببەستێت. بەو پشتوێنەوە هەر کە کەوتینە سەر پشت، ناڕەحەت دەبین و یەکسەر دەکەوینەوە سەر لا.

دەشێت هۆکاری سەرەکی پرخاندن، ئەو لینجاوە بێت کە لووت دەری دەدەدات و ڕێی بە ئاسانی لە ڕێگای کەپوو هەناسەدانەوە دەگرێت. یان دەشێت پرخاندن لە سۆنگەی لووتتەنگییەوە بێت. ئەگەر لینجاو لووتی تەنگ کردبین، (سپرای لووت) بە هانامانەوە دێت، وەلێ جێی داخە، تەنیا هەفتەیەک بە بەردەوامی بۆمان هەیە بە کاری بهێنین. ئەوانەی لووتیان تەنگە، بۆ ئەوەی لووتیان هەندێک بەرین ببێت، دەتوانن، شەوانە بە (لووت فراوانکەرەوە) بخەون. لووت فراوانکەرەوە کە لە دەرمانخانەکان هەیە، ڕێ بۆ بە ئاسانی لە لووتەوە هەناسەدان خۆش دەکات.

ئەوی دووچاری پرخاندن هاتبێت، بە هۆی پارچە پلێتێکی بچووکەوە، کە لە ددان دەبەسترێت و وا دروست کراوە، شەویلاگ پێنج میللیمێترێک ڕابکێشێت، دەتوانێت ئاسانتر هەناسە بدات، ئاخر لەم حاڵەتەدا زمان تۆزێک دێتە پێشەوە و ڕێ بۆ هاتۆچۆی هەوا خۆش دەبێت. (تەیپ)ێکی تایبەتیش هەیە کە دەمی پێ دادەپۆشرێت، دەتوانێت هەمان ڕۆڵ وازی بکات. ئەو تەیپە لێ ناگەڕێت شەویلاگ لە جێی خۆی بخزێت.

ئەوانەی بە خراپی دووچاری پرخاندن بوون، دەتوانن شەوانە بە

(دەمامکی هەناسەدان)ەوە بخەون. ئەگەرچی ئەو دەمامکە کە هەوا پەمپ دەکاتە گەرووەوە، ڕێ بۆ بە ئاسانی هەناسەدان خۆش و تەخت دەکات، وەلێ ئاخۆ ئەوی بەو دەمامکە نەفرەتییەوە، لە تەنیشت دڵخوازەکەیەوە ڕابکشێت، هیچ دەچنێتەوە!

بەشێک لەوانەی دەپرخێنن، ئەگەر دەست لە خواردنی چەور هەڵبگرن و واز لە جگەرەکێشان و خواردنەوە بهێنن، دەشێت لە پرخاندن ڕزگاریان ببێت. ئینسان کە کێشی بەرز دەبێتەوە، چەوری یەخەی قورگیشی دەگرێت، بۆیە گەلێک جار تەنیا بە خۆ لاوازکردن، لە پرخاندن قوتارمان دەبێت. جگەرەکێشان کارێ دەکات، لینجاو بەری لووت و قورگ بگرن و ئینسان ناچار ببێت، بە دەم هەناسە بدات، ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی بپرخێنین. (کهوول)یش وەک حەبی خەو، دەبێتە هۆی ئەوەی ئینسان بە قووڵی بخەوێت، بە قووڵی خەوتن وا دەکات قورگ و مەلاشوو سست و خاو ببنەوە و ببنە ڕێگر لەبەردەم بە ئاسانی هەناسەداندا و پرخاندنی بە دوادا بێت.

ئەگەر ئینسان بیر لە چارەسەرێک بۆ پرخاندن نەکاتەوە، مەترسی ئەوە زۆرە ژیانی لێ تاڵ و تاڵتر ببێت. ئاخر پرخاندنی بەردەوام ڕێگای هەناسەدانی ئاسایی وێران و وێرانتر دەکات. ئەوی زۆربەی شەوانی هەفتە پرخەی بێت، پێویستە چی زووترە سەردانی دۆکتۆر بکات. پرخاندنیش وەک هەر نەخۆشییەکی دیکە، تا زووتر، هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، کارەکە ئاسانتر بە دەستەوە دێت. ئەوی خراپ تووشی پرخاندن بووبێت، چونکە ماوەی نێوان هەناسەکانی درێژ دەبێت، مەترسی ئەوە زۆرە، گوشاری خوێنی بڵند ببێتەوە، یان تووشی خوێنبەربوونی دەماغ ببێت، تەنانەت دەشێت لە ناکاو دڵی لە

لێدان بکەوێت.

پرخاندن زەبرێکی کوشندە لە ژیانی هاوسەرینیش دەدات. ئەوانەی بە توندی تووشی پرخاندن دەبن، ڕەنگە نەک هەر تەنیا توانای جووتبوون لە دەست بدەن، بەڵکوو لەوانەیە هیچ ئارەزوویەکیان بۆ سێکس نەمێنێت.

بە ئازارترین چارەسەر (کە مەرج نییە مسۆگەریش بێت،) بۆ دەردی پرخاندن، بڕینی بەشە نەرمەکانی مەلاشووە. ئەو پیاوانەی  ژنان لە پرخەیان هەڵدێن، ناچار دەبن هانا بۆ ئەو چارەسەرە دژوارە ببەن. شیاوی گوتنە پرخاندن زێتر دووچاری پیاوان دەبێت و ئەو پیاوە قەڵەوە جگەرەکێشە عارەقخۆرەی تەمەنی لە سەروو پەنجاوە بێت، دەشێت پرخەی (گەڕەکێک) هەراسان بکات.(١)

2003. 02. 02

(1) Claes Nero, Snarkandet hotar sexlivet, Katrineholms kuriren, 31 januari 2003

* دوڕ: ناوەڕاست

* دەو: دەم

* دگان: دان، ددان

* تەوێڵ: ناوچاوان، هەنیە

* داوای بەخشین لە نەمران (بێسارانی و پیرەمێرد) دەکەم.

# چەپکێک شیعری سوێدی

### نامە

دایە گیان بۆچی هەر لەوێی
خۆ من زۆر زۆرم خۆش دەوێی،
ئەوە ئاسمان هێندە خۆشە
منی لە بیر بردوویتەوە؟
هەتا کەی هەر لەوێ دەبی؟
دایە گیان کەنگێ دێیتەوە؟
دایە ئەوەندەت بیر دەکەم
هەموو شەوێ دێیتە خەوم
دایە گەر ناگەڕێیتەوە
بڵێ چۆن بۆ لات سەرکەوم؟
دایە گیان بێ تۆ هەڵناکەم
هەتا بڵێی بێ تاقەتم،
دەمێکە بە پەرۆشەوە
چاوەڕوانی یەک نامەتم.
خۆم ئەم نامەیەم نووسیوە
بابە یاریدەی نەداوم

گەر وەڵامم نەدەیتەوە
تا ماوم هەر دڵشکاوم.

* بیرۆکەکەی لە شیعرێکی <**بو بێریمان**>ەوە وەرگیراوە.

## مردن

ئەو ڕۆژە دادێ کە ئێمەش بمرین،
من و تۆش دەمرین،
هەرچی ئینسانە هەر هەمووی دەمرێ،
چی گیانەوەر و درەخت و گوڵە
هەر هەمووی دەمرێ
بەڵام نەک هەمووی بە تاقە جارێ
بەڵکو ناو بە ناو،
بە جۆرێکی وا
مەگەر بە ئاستەم هەستی پێ بکرێ.

**باربرۆ لیندگرێن**

Poesi boken, Harriet Alfons & Birgitta Westin, s. 129, Ljung företagen, Örebro 1983

## دوو شیعری **یۆران پاڵم**

‹١› **سەردانی سەگ**

من خۆم تێک نادەم
دەخوازم بۆنم پێوە بکا،
یان هیچ نەبێ لێم بترسێ و هەڵێ،
کەچی زێتر لێم نزیک دەبێتەوە و
بە ئەژنۆم قوونی دەسڕێ و
وەک چۆن بە هێمنی هات
هەروایش جێم دەهێڵێ.

‹٢› بەشێک لە شیعری **پیاو قسە دەکا**

تۆ هەرگیز بێ دایکت هەڵناکەی،
من پشتم هەر بە خۆم ئەستوورە.
تۆ لاواز،
من هەستیار.

تۆ هەڵدێی،

پاشەکشێ دەکەم من.

تۆ جوانیت،

من بەهێز.

تۆ شەیدای،

من دەڵێی ئاگرم.

تۆ خوازیار،

من دوودڵ.

دەبیتە خاوەنی مێردی خۆت،

ئازادیم ون دەبێ.

من لە نێو جێگەدا بەکارم،

تۆ دەبیە خاوەنی ڕەوەیە منداڵی ئێسکسووک.

من نانیان بۆ دابین دەکەم و

تۆ دەیان گریتە ئامێزت.

من ڕۆڵی کەڵەشێر دەبینم،

تۆ مامر.

* SVENSK 1900 TALSLYRIK, Christina Brockman, s. 204 & 213

Berlings Arlöv 1993

کۆپلەیەک لە هۆنراوەی

**ئەو کاروانەی لە زێدی خۆیدا سەرگەردانە**

هەورەکان دەدرەوشێنەوە،
زەریا گەشە،
تەختایی و بەرزاییەکانی ڕۆخی زەریا
ڕووناکییان لێ دەبارێ،
لە پشتی مێرگەکانەوە
کە پەلکەگیا دیلانێیان تێدا دەکا
دارستانی سەوزی دڵگیر
ئەو دەڤەرەی داپۆشیوە.

گوستاڤ فرۆدینگ

## شادی

خەفەت دنیای داگرتووە،
بەڵام شادی
لە نێوانی
پەنجەکەڵە و دۆشاومژەی
مندا جێگەی
دەبێتەوە
ئەو کاتانەی
نەرمایی گوێتم گرتووە.

* بێنگت ئاندەربێری.

* Jag älskar dig, urval: Kerstin Linderberg och Harriette Söderberg, s. 9 LLförlget 2000 stockholm.

# کچە بە دەستی سوورەوە

کچە بە دەستی سوورەوە
لە جێژووان گەڕایەوە
دایکی پرسی
ـ کچم بە چی دەستت سوور بوو؟
ـ دایە گوڵەباخم چنی
دڕکەکانی بە دەستما چوون.

کچە بە لێوی سوورەوە
لە جێژووان گەڕایەوە
دایکی پرسی
ـ کچم بە چی لێوت سوور بوو؟
ـ تووترکم خوارد
ئاوەکەی لێوی ڕەنگ کردم.

کچە بە ڕەنگی زەردەوە
لە جێژووان گەڕایەوە
دایکی پرسی
ـ کچم بە چی ڕەنگت وا زەرد هەڵگەڕاوە؟

ـ دایە گۆڕێ هەڵبکەنە و
لە ناویدا بمشارەوە و
لە سەر کێلەکەی بنووسە
کاتێ بە دەستی سوورەوە گەڕایەوە
دەستی لە ناو دەستی دڵدارەکەیدا سوور هەڵگەڕابوو،
کاتێ بە لێوی سوورەوە گەڕایەوە
لێوی لە ژێر لێوی دڵدارەکەیدا سوور هەڵگەڕابوو،
کە بە ڕووخساری زەردەوە گەڕایەوە،
باوەڕی بە خۆشەویستەکەی نەمابوو.

یۆهان لودڤیک ڕۆنەبێری
1877 - 1804

# خەفەت و شادی

خەفەت و شادی لە ماڵی دڵما
یەکی ژوورێکیان داگیر کردبوو،
دوژمنانە جیا لە یەکدی دەژیان،
ڕۆژ هات و ڕۆیشت
بۆ شکاندنی کۆتی تەنیایی
دەرگایان لە سەر یەکدی کردەوە
بە گەرمی دەستی یەکتریان گوشی
یەکیان ڕاموسی،
ئیدی لەوساوە
شادیم بوو بە خەم
خەمیشم شادی.

یۆهان لودڤیک ڕۆنەبێری

# دەشێ دوو دەست

ڕێگەی بەهەشتی ئەوین دێرینە
بەڵام هەمیشە دەڵێی نەشکاوە.
دەشێ دوو دەست
لە ژێر چەترێکدا لێکتر بئاڵێن،
دەشێ دوو دەست
لە بەختیاریدا لێکتر بئاڵێن،
دەشێ دوو دەست
لە ناخۆشیدا لێکتر بئاڵێن،
دەشێ دوو دەست
لە ڕێی قازانجدا،
لەناو بازاڕی گەورەی جیهاندا لێکتر بئاڵێن،
دەشێ دوو دەست.......

نیلس فێرلین
1961-1898

# هێزی ئەوین

ئەوین دێت و ئەوین دەڕوا
کەس ناتوانێ یاسای ئەوین لێک باتەوە.
من دەمەوێ هەموو ڕۆژانی ژیانم لەگەڵ تۆ بم،
تۆ خاوەنی دڵی منی، منیش خاوەنی دڵی تۆ،
هەرگیز بوار نادەم دڵت بێتەوە لات،
خۆشبەختیی من شادیی تۆیە،
خۆشبەختیی تۆیش بەختیاریی من،
گریانیشت، گریانی من.
ئەوین ئەوەندە بەهێزە، سەری بۆ هیچ نەوی ناکا.
گوڵ لە زەمینی سەختەوە سەر دەردێنێ و
وەکوو هەتاو شاباڵ بە سەر دەشتی تاریکدا دەکێشێ.
تۆ خاوەنی دڵی منی،
منیش خاوەنی دڵی تۆ،
هەرگیز بوار نادەم دڵت بێتەوە لات،
خۆشبەختیی من، شادیی تۆیە،
خۆشبەختیی تۆیش بەختیاریی من،
گریانیشت، گریانی من.

نیلس فێرلین

# شەوێکی درێژ

نازەنین لێ گەڕێ با بژین،
لێ گەڕێ هەمیشە سەرقاڵی ئەوین بین،
با قسە هێنان و بردن و
سەرسامیی نەیاران بێ بەها وەربگرین،
خۆر ئاوا دەبێت و سەر لە نوێ دێتەوە،
با جارێ کە ڕۆژی تەمەن کورت دوایی هات
پێکەوە شەوێکی بێ پایان ڕابوێرین،
ئەوساکە یەک هەزار ماچانم بدەرێ و سەدی کەیش،
دوای ئەوە یەک هەزار ماچی کە و سەدی کەیش،
هەمدیسان یەک هەزار ماچی کە و سەدی کەیش،
کە چەندین هەزار جار یەکدیمان ڕامووسی،
ئیدی با بیرمان لای ژماردن نەمێنێ،
تا هیچ کام لەوانەی چاوانیان پێماندا هەڵنایە،
نەزانن چەند جارمان یەکتری ڕامووسی.

کاتولوس*

* شاعیرێکی دێرینی ڕۆمانییە.

# کە با تێکەڵ قژی دەبێ

دەڕوات و با تێکەڵ دەبێ لەگەڵ قژی،
ئای کە حەزم لە شێوازی ڕۆیینێتی،
ئای کە حەزم لە شێوازی ڕۆیینێتی
کە با تێکەڵ قژی دەبێ.
ئای کە حەزم لەو شێوازەیە با تێکەڵ قژی دەبێ،
ئای کە حەزم لە شێوازی بایە کاتێ
تێکەڵی قژەکەی دەبێ،
حەزم لێیەتی کە دەڕوا،
ئای کە حەزم لە شێوازی ڕۆیینێتی
کە با تێکەڵ قژی دەبێ،
حەزم لە شێوازی بایە لە گەڵ قژی.
حەزم لە شێوازی بایە کاتێ تێکەڵ قژی دەبێ.
حەزم لە با و حەزم لەوە،
کە دەڕوا و با تێکەڵ دەبێ لە گەڵ قژی.
حەزم لە شێوازی ئەشقی نێوانی با و قژی ئەوە،
حەزم لێیەتی کە دەڕوا و با تێکەڵی قژی دەبێ.

کـــــــلاس ئەندەرســـــــۆن

(1937 - )

# خۆرنشین

چاوەکانی تۆ ئاگرن
گیانی منیش دارێکی وشک،
ڕووت وەرگێڕە
با گڕ نەگرم،
کەمانێکم
هەرچی گۆرانی دنیایە،
لە ناخمایە،
بە تەنیا تۆ،
دەتوانی بمهێنیتە گۆ.
ڕووت وەرگێڕە
با بتەزم،
ڕووتم تێکە
با گڕ بگرم.
من حەزم من تامەزرۆییم،
لە سەر سنووری نێوانی
بەهار و پاییزدا دەژیم.
لێم گەڕێ با
سەرخۆشانە ستران بڵێم،
لێم گەڕێ با دوا گۆرانیم
تەرخان بێ بۆ

هەموو ساڵانی دڵداریم.
ڕووتم تێکە،
ڕووت وەرگێڕە!
با وەکوو خۆرنشینێکی دەمە و پاییز
هەردووکمان گڕمان تێبەربێ،
با بە شەماڵی بەختیاری،
ئالای بە خوێن سوورهەڵگەڕاوی ئەوینمان
شەکاوە بێ،
با چاوم لە هەنگاوت بێ،
کاتێ لە ناو خۆرنشیندا بزر دەبێ،
ئەی ئەو شۆخەی لە سۆراخی گڕی جوانیتا بزر بووم.

ئێریک ئەکسل کارلفێڵدت

## له دەست چوون

تاکوو ئێستا،
سێ دڵخوازم له دەست چووه،
یەکەمیان کۆچی دوایی کرد،
دووەمیان ناحەزی فێڵباز
فریوی دا،
سێیەمیان بوو به هاوسەرم.

ئانا ماریا لێنگرین
1817-1755

## دڵ

ئەو کتێبه بەرگ تەنکه بچکۆلەیەی
له جامخانەی ئەو کتێبخانەیەدا
به قولاپێکەوه دەلەرێتەوه،
دڵی دەرهێنراوی منه.

ئاوگوست ستریندبێری
(1912 - 1849)

# یەکەم ماچ

هەرگیز دەریا
وەها درەوشاوە نەبووە،
هەرگیز بەستێن
وا ئازادیی نەبەخشیوە،
دەشت و مێرگ و درەخت هەرگیز
وا جوان نەبوون،
گوڵیش هەرگیز بۆنی هێندە خۆش نەبووە
وەک ئەو کاتەی خۆرئاوابوون
ڕەشماڵی قژە لوولەکەت
داڵدەی دام و
چی خەم و ناسۆرم هەبوو
لە یەکەم ماچتا نوقم بوو.

ئێڤەرت تاوبە
1976-1890

# چواڵەی گوڵکردوو

خۆشەویستەکەم وەکوو دارچواڵەی گوڵکردوو وایە
ئەی با بە نەرمی گۆرانی بڵێ
بۆ جوانیی باڵای.

خۆشەویستەکەم وەکوو درەختی چواڵەی گوڵکردوو،
ڕووناکە و بێگەرد
بە تەنیا هەر تۆ ئەی شنەی بەیان،
دەزانی ئەو چەند دڵڕفێنە و جوان.

خۆشەویستەکەم وەکوو دارچواڵەی گوڵکردوو وایە،
کاتێ تاریکی چواردەورم دەگرێ،
هەر ئەو دەتوانێ
بە دەنگمەوە بێ.

پێر لاگەرکڤیست

1974-1891

# یادکردنەوەی ‹لێسبێت›ی 23 ساڵان

ڕۆژی هەینی دوای کار،
بۆ خۆدزینەوە لە تەنیایی،
وەکوو جاران
مشتێ حەبی خەوی خوارد و
بیستۆکی لە گوێی چەسپ کرد و
بە خۆشییەوە
بە دەم گوێگرتنەوە لە ‹باخ›
لێی ڕاکشا و زمانی قووت دا،
دەنگەکە هێندە لە گوێیەوە نزیک بوو،
هەژاندبووی،
دوای چەند ڕۆژێ
بە پەلە و بە ڕێکوپێکی ناشتیان،
هەموو دوژمنەکانی
لە ناشتنەکەیدا بەشدار بوون.

لاش نورێن
(1944 - )

## هەندێ شیعری **محەمەد ماغووت**

1

ئەی زیندانییانی جیهان
چی هاوار و ترس و بێزاریتان هەیە،
هەموویانم بۆ بنێرن،
ئەی ڕاوچییان
چی تۆڕی خاڵیتان هەیە،
هەموویانم بۆ بنێرن،
ئەی جووتیاران
چی جلی دڕاوتان هەیە،
ئەی ئافرەتان
هەرچی مەمکی لەتوپەتکراوتان هەیە،
ئەی کارگەران
چی نینۆکی دەرهێنراو و
سکی کونکراوتان هەیە
هەموویان بۆ بنێرن،
بۆ هەر قاوەخانەیەکی
هەر شەقامی
هەر شارێکیان بنێرن بە دەستم دەگەن،
نیازی ئامادەکردنی فایلێکی گەورەم هەیە

لە ئازار و خەمی ئینسان،
بۆ ئەوەی دوای ئیمزای لێوی برسییان و
برژانگی هەڵپڕووزاوی چاوەڕوانان،
بڵندی بکەمەوە بۆ
خوای دلۆڤان،
بەڵام هۆ سوپای خەمباران
زۆر دەترسم
خودای گەورە بێسەواد بێ.
2
ئەی زانایان
بلیتێکی سەفەرم دەوێ بۆ ئاسمان،
من نوێنەری وڵاتە خەمگینەکەمم،
من دەمڕاستی
بێوەژن و پیرەمێرد و منداڵانیم،
چونکە دراوم فرمێسکە
بلیتێکی خۆڕاییم دەوێ بۆ ئاسمان،
گەر جێ نییە
منی لادێیی ڕاهاتووم،
لە دوای دواوە
یان لەسەر پشتی سوار دەبم،
بەڵێن دەدەم
نە دڵی هەور دێشێنم،
نە ئەستێرە ئازار دەدەم،

من تەنیا
دەمەوێ
بگەمە قووڵایی ئاسمان و
قامچییە بدەمە دەست خودا
بەڵکو بۆ ڕاپەڕین هانمان دا.
3
هەموو کێڵگەکانی دنیا
دژی دوو لێوی شەقارن
هەموو ڕێگاکانی مێژوو
دوژمنی دوو پێی خاوسن.
خۆشەویستم، ئەوان سەرقاڵی سەفەرن
ئێمە دیلی چاوەڕوانی،
ئەوان خاوەنی سێدارەن
ئێمە گەردن،
ئەوان خاوەنی مروارین
ئێمە برین،
ئەوان خاوەنی کازیوە و ڕۆژ و شەون
ئێمە پێستی زبر و ئێسقان،
ئەوی ئێمە لەبەر خۆرەتاو دەیچێنین
ئەوان لەبەر سێبەر دەیخۆن،
بەرۆکیان دەڵێی ئاوریشمە
سنگمان ڕەقوتەقە وەکوو
مەیدانی لە سێدارەدان،

ماڵیان نوقمی شیرینییە
گەلای ڕزیو ماڵی ئێمەی داپۆشیوە،
بەرکیان هەواری ئەدرەسی ناپاکە و دز
گیرفانمان جێی ناونیشانی
هەورەبروسکە و ڕووبارە،
ئەوان خاوەنی پەنجەرەن
ئێمە شەماڵ،
ئەوان خاوەنی پاپۆڕن
ئێمە شەپۆل،
ئەوان خاوەنی نیشانن*
ئێمە لیتە،
ئەوان خاوەنی تەلار و شوورای بەرزن
ئێمە پەتی زبر و خەنجەر،
دە گیانەکەم
وەرە با هەر ئێستا لەسەر پیادەڕێیە
تێر لێی بنووین.
4
لە تاریکیدا دەنووسم
گەلێ کەڕەت
قەڵەمەکەم
جیا ناکەمەوە لە پەنجەم،
هەر کە لە دەرگایە دەدرێ،
کە دەنگی ئۆتۆمبیلێ دێ

بە دەستم نووسینەکانم دەشارمەوە
وەک لەشفرۆشێکی قاچاخ
کاتێ هەڵدەکوتنە سەری.

5

جێخەوەکەم ساردە و تاریک
مەمکەکانت دوو چۆلەکەن لە پشکۆ.
دەموچاوم
لە نێوانی مەمکەکانتا
دەشارمەوە و
وەک کۆچەری هاواری خێڵەکەم دەکەم.
لە ئێوارە ساردەکاندا
کە ئەم بۆ بارِ،
ئەو بۆ داڵدەیە دەگەڕێ
من بۆ وشەیە دەگەڕێم.

* میدالیا

** أعمال محمد الماغوط، محمد الماغوط، ص ١٨٣، ١٨٤، ٢٠٠، ٢٠٧، ٢١١، ٢١٣
دار المدى ١٩٩٨ دمشق.

# باوکە من یوسفم

مەحموود دەرویش

باوکە من یوسفم،
باوکە براکانم خۆشیان ناوێم،
باوکە نایانەوێ لە نێوانیاندا بم،
سووکایەتیم پێ دەکەن و بەر بەرد و جنێوم دەدەن.
دەیانەوێ بمرم تا ستایشم بکەن.
باوکە دەرگای ماڵەکەتیان بە ڕوودا داخستم،
لە کێڵگە دەریان کردم،
ترێکەمیان ژاراوی کرد و لێستۆکەکانمیان* شکاند.
کە شەماڵ گەمەی بە قژم کرد،
ئێرەییان پێ بردم و
هاتن بە گژمدا و بە ڕووی تۆشدا هەڵشاخان.
من چیم لەوان کردووە باوکە؟
پەپوولەکان لەسەر شانم نیشتنەوە،
گوڵەگەنمەکان بە سەرمدا نوشتانەوە و
مەلان بەسەر دەستمدا هەڵفڕین.
من چیم کردووە باوکە؟
بۆچی من؟

تۆ ناوت نام یوسف و
ئەوان خستمیانە بیرەکەوە و بەسەر گورگیاندا هێنا .
گورگ لە براکانم دلۆڤانترە باوکە،
مافی کەسم پێشێل کرد کە گوتم:
یازدە ئەستێرە و خۆر و مانگم بینی کوڕنووشیان بۆ بردم.

‹*› ورد اقل محمود درويش ص٧٧ دار توبقال للنشر ط٢ ١٩٩٠ الدار البيضاء.

ئەو ڕۆژە دادێ کە ئێمەش بمرین،
من و تۆش دەمرین،
هەرچی ئینسانە هەر هەمووی دەمرێ،
چی گیانەوەر و درەخت و گوڵە
هەر هەمووی دەمرێ
بەڵام نەک هەمووی بە تاقە جارێ
بەڵکو ناو بە ناو،
بە جۆرێکی وا
مەگەر بە ئاستەم هەستی پێ بکرێ.

# From different perspectives

Translated by

Hamasaeid Hassan

2003

ISBN 91- 973944-3-2

# له گۆشەنیگای جیاوازەوە

وەرگێڕانی

## حەمەسەعید حەسەن

بینایی ئەستێرەی ڕووخساری ئینسانە،
ئەستێرە درەختی گڕگرتووی ئاسمانە.
خوا لە ڕێی جریوەی ئەستێرەی گەشەوە
بەندەی خۆی دەدوێنێ،
ئەو بە هۆی تروسکەی خاڵێکی ڕەشەوە
لەگەڵ من دەپەیڤێ.